# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤٣٢)- (٣٠)ی ئەیلوولی ٢٠٢٤

## دەبێ هەوڵ بدرێت لە دوای ٢٠ی ئۆکتۆبەر

# یەك هەرێم و یەك پەرلەمان و یەك حکومەت و یەك هێزی پێشمەرگە هەبێت



## ١٩٠

**لیستی پارتی**
**دیموکراتی کوردستان**

# لە پێناو بەردەوامیدان بە چاکسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی

## دەنگ دەدەین بە پارتی






■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار رەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر
ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری
Web: www.gulanmedia.com

کەمال محەمەد ساڵح:



**لە کابینەی نوێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە سەدان پرۆژەی گەورە و ستراتیژیی کارەبا جێبەجێ کراون**

بەشار ئیبراهیم عەزیز:



**ژمارەی مۆڵەتی کارگەکان لە هەرێمی کوردستان تا ساڵی ٢٠٢٤ گەیشتووەتە ٤٦٠٧ کارگە و ٤٩،٧٥٧ هەلی کاریان دابین کردووە**

دکتۆر کاروان سەباح هەورامی:



**گۆڕانکاریی گەورە و نەوعی لە پرۆژەکانی بەنداو و پۆند و ئاودێری لە کابینەی نوێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراون**

خەلیل مەحموود :



**لە کابینەی نوێیەمدا لە شارۆچکەی سێمێل و سنوورەکەی نزیکەی ٢٥٠ پرۆژە بە تێچووی ٢٤٠ ملیار دینار جێبەجێ کراون**



# هەڵبژاردنی ئەمجارە
# یەک پەرلەمان.. یەک کوردستان



# ١٩٠

## هەڵبژاردنی ٢٠ی ئۆکتۆبەری داهاتوو، لە زۆر لایەنەوە لە هەڵبژاردنی ١٩ی ئایاری ساڵی ١٩٩٢ دەچێت

هەڵبژاردنی ئەمجارەی ٢٠ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٤، لەناو بۆشاییەکی دامەزراوەیی ئەنجام دەدەین کە پاش بڕیارەکانی بەناو «دادگای فیدراڵیی عێراق»، درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانیان بە نادەستووری لە قەڵەم دا و لە ئاکامیشدا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستان کارەکانی ڕاوەستێنرا و ئەم هەڵبژاردنە لەژێر سەرپەرشتیی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەنجام دەدەین.

لە ساڵی ١٩٩٢ کاتێك چووینە سەر سندوقی دەنگدان بۆ پەرلەمان، بە ئومێدی دامەزراندنی یەکەمین ئەزموونی دیموکراتی و یەکەمین پەرلەمان لە مێژووی کوردستاندا بووین، ئێستاش لە ساڵی ٢٠٢٤ کە دەچینە سەر سندوقی دەنگدان، پەرلەمانی کوردستان و پرۆسەی یاسادانان لە هەرێمی کوردستان بوونی نییە و پەك خراوە.

لە ساڵی ١٩٩٢ لە دوای کردنەوەی سندوقەکانی دەنگدان، گەلی کوردستان بە ئیرادەی خۆی بۆ هەموو جیهانی سەلماند کە دەتوانێت، سەرلەنوێ دامەزراوە دەوڵەتییەکان بەدەستی خۆی بونیاد بنێتەوە و، ئەو ئیرادەیە نەك هەر دەتوانێت خۆی بەڕێوە بەرێت، بەڵکو دەتوانێت ئەزموونێکی حوکمڕانیی دیموکراتیی ناوازە لەسەر ئاستی ناوچەکە پێشکەشی مرۆڤایەتی بکات.

لە ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوول و لە حەوتەمین ساڵیادی ڕیفراندۆمە سەربەرزەکەی گەلی کوردستان دەستمان بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کرد. لە ٢٠ی ئۆکتۆبەری داهاتوو لە حەوتەمین ساڵیادی داستانە نەبەردییەکانی «پردێ، سحێلا، مەحموودییە» هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەچنە سەر سندوقی دەنگدان و بە ئیرادەی پۆڵایینی گەلی کوردستان جارێکی دیکە بە هەموو جیهانی ڕادەگەیەیننەوە، چۆن لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ هەموو پێکەوە بە «بەڵێ» دەنگمان دا و، لە ٢٠ی ئۆکتۆبەر دوای خیانەتەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر، هێزی پێشمەرگەی کوردستان سنگی خۆی کردە قەڵغان و قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانی پاراست، بە هەمان ئیرادەوە، پشتیوان بە خوا و بە ئیرادەی گەلی کوردستان هەموو دەچینە سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەنگ دەدەین بە لیستی «١٩٠»، ئەو لیستەی کە پێشمەرگەیەك ڕابەریەتی و ناوی «مسعود بارزانی»یە و ئەو سەرۆکەیە کە خۆی شەرمەزاری میللەتی خۆی نەکرد و، لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر قەوارەی هەرێمی کوردستانی پاراست و لە سەنگەری پێشەوەی بەرەکانی شەڕ بە دوژمنانی ئەم نیشتمانەی گوت: «داگیرکردنی کوردستان و هەڵوەشانەوەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان» پارووی ئێوە نییە.

### لیستی ١٩٠
### نەخشە ڕێگەی کوردستانێکی بەهێزتر

لە ناو کۆی ئەو لیستانەی بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان دەستیان بە بانگەشە کردووە، تەنیا دروشم و بەرنامەی لیستی «١٩٠» ڕەنگدانەوەی ئیرادەی گەلی کوردستان بەرجەستە دەکات، کە ئەویش بانگەشەیە بۆ «ئارامی و ئاوەدانی. پێکەوەیی و خۆڕاگری». لەپشت ئەم دروشمە نیشتمانییەوە بەرنامەیەك هەیە کە ١٤ تەوەری لە خۆی گرتووە و بریتین لە « بواری سیاسی، کارگێڕی و ئابووری و چاکسازیی گشتی، کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و گەشتوگوزار، خزمەتگوزاریی گشتی، پێشمەرگە و شەهیدان و ئەنفالکراوان، دامەزراوە ئەمنییەکان

و هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ، تەندروستیی گشتی، ئافرەت و پاراستنی خێزان، كار و هەلی كار، پەروەردە و خوێندن و خوێندنی باڵا، كەلتوور و وەرزش و لاوان، مافی مرۆڤ و ئازادییەكان، پێكەوەژیان و لێبوردەیی، ڕۆشنبیری و میدیا».

ئەم ١٤ تەوەرە كە بەرنامەی لیستی ١٩٠ی پارتی دیموكراتی كوردستانە، ئەو دیدگا فراوانە نەتەوەیی و نیشتمانییە بەرجەستە دەكات، كە دەست درێژ دەكات بۆ هەموو لایەنە سیاسییەكانی كوردستان بۆ ئەوەی پێكەوە كوردستان بەرەو كوردستانێكی بەهێزتر هەنگاوی پێ هەڵبگرن.

لەناو ئەم بەرنامەیەدا بێجگە لە چەمكەكانی «پاراستنی یەكێتیی خاكی كوردستان، سەروەریی یاسا، بەردەوامبوون لە هەڵمەتی گەشەپێدانی وەك یەكی هەموو ناوچە و پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان، پتەوكردنی پەیوەندییەكان لەگەڵ هێزە سیاسییەكانی كوردستان و عێراق، پێداگری لەسەر جێبەجێكردنی دەستووری عێراق، فراوانكردنی ژینگەی گفتوگۆی ڕاشكاوانە، ڕێگرتن لە هەموو جۆرەكانی توندوتیژی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و یەكتری قبووڵكردن و.. هتد»، هیچ چەمكێكی دیكە بەكار نەهاتووە.

كەواتە بەرنامەی لیستی ١٩٠ ئەو پەیامەی لەناخی خۆیدا هەڵگرتوو كە خەمی سەرەكیی پارتی دیموكراتی كوردستان ئەو تەوەرانەیە كە پەیوەندییان بە ژیانی ڕۆژانەی هەر هاووڵاتیەكی ئەم كوردستانەوە هەیە، بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینەوە و بە جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسیشەوە، ئامانجی ئەوەیە هەموومان پێكەوە لەم كوردستانەدا، جیاوازی نەتەوەیی و ئایینمان خاڵی بەهێزی پیشاندانی لێبوردەیی و پێكەوە ژیانی ئاشتییانە بێت. جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسیمان خاڵی بەهێزی پیشاندانی بەرنامەی باش بێت بۆ خزمەتی ئەم نیشتمانە و خۆشگوزەرانیی هاووڵاتیانی.

پارتی دیموكراتی كوردستان لە نەخشە ڕێگای «كوردستانێكی بەهێز» وێڕای هەموو ئاستەنگ و ئالنگارییەكان، لە كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا توانی كاروانی پەرەپێدانی فرەڕەهەند و هەمەلایەنە بە هەموو سێكتەرەكانی حوكمڕانی كە پەیوەندی بە ژیانی هەر هاووڵاتییەكی كوردستانەوە هەیە، بە سەركەوتوویی بگەیەنێتە قۆناغی «پەرەپێدانی بەردەوام» لە نەخشەڕێگەی «كوردستانێكی بەهێزتر»، كە بەرنامەكەی بەسەر ١٤ تەوەری گرنگدا دابەش كردووە و ئامانجێتی پشتیوان بە خوا لە كابینەی دەیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەرنامەكانی كابینەی نۆیەم تەواو بكات، كە لە ئێستادا هەموو ژێرخانەكان بونیاد نراون، بۆ ئەوەی هەنگاوی گەورەتر هەڵبگیرێت و گەلی كوردستان لە نیشتمانێكی ئازاددا بە خۆشگوزەرانی بژی.

**له ساڵی ١٩٩٢ هەڵبژاردنمان ئەنجام دا بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە دامەزراوەییانە پڕبكەینەوە كە ڕژێمی بەعس پاش كشانەوەی لە كوردستان دروستی كردبوون**

## لیستی ١٩٠
## بەرەو خۆبژێوی و كوردستانێكی بەرهەمهێنەر

فرەچەشنكردنی سەرچاوەكانی داهات بۆ ئەوەی پشت بە خۆمان ببەستین و تەنیا چاومان لە داهاتی «نەوت و گاز « و ئەو بڕە پارەیە نەبێت كە حكومەتی عێراق بۆ هەرێمی كوردستان دەنێرێت، لە كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا لە دروشمەوە كرا بە كردار و لە چوارچێوەی زیاتر لە هەزار پرۆژەی « گەورە، مامناوەند، بچووك» كرانە ستراتیژ و لەسەر بنەمایەكی هاوچەرخ ژێرخانێكی دیجیتاڵی بۆ هەڵسووڕانی حوكمڕانی لە كوردستان بونیاد نرا. ئەم ژێرخانە پتەوە كە لە ماوەی پێنج ساڵی ئەم كابینەیەدا توانرا بخرێتە سەرپێی خۆی، كاریگەرییە گەورەكانی لەسەر

کـۆی سـێکتەرەکانی حوکمڕانـی و پێشکەشـکردنی خزمەتگـوزاری لـە کابینـەی دەیەمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دەردەکەوێـت و، لـە ئێسـتادا هەنـگاوەکان بەردەوامـن بـۆ تەواوکردنی کۆی ژێرخانەکان، بەڵام کاریگەرییە ئەرێنییەکانی لە چەندین بواری گرنگدا لەسـەر ئاسـتە جیـاوازەکان دەرکەوتـوون، کـە لێـرەدا ئامـاژە بـە هەندێکیـان دەکەیـن:

## ١
## سێکتەری بانکی

ئاسـتی پێشـکەوتنی سیسـتمی بانکـی و متمانـەی هاووڵاتیـان بـە سیسـتمی بانکـی، پێـوەری پێشـکەوتنی هـەر دەوڵەتێـك و ئاسـتی سـتاندەری حوکمڕانیـی بـاش بەرجەسـتە دەکات. لـە کابینـەی نۆیەمـدا ژێـر خانێکـی پتـەو بـۆ سیسـتمی بانکـی بونیـاد نـراوە و لەنـاو ئـەم سیسـتمەدا هـەر هاووڵاتییەکـی کوردسـتان خاوەنـی حیسـابی بانکیـی ئەلیکترۆنـی خـۆی دەبێـت، ئێسـتاش وەك واقیـع لەسەر شـەقامەکانی کوردستان دەبینین بەشێکی زۆری فەرمانبەرانی حکومـەت لـە چوارچێـوەی سیسـتمی بانکیـی «هەژمـاری مـن» مووچەکانیـان بـە ڕێگـەی ئـەو ماشـێنی پارەدانانـە «ATM» وەردەگرن کـە لەسـەر شـەقامەکانی کوردسـتان دانـراون، لەمـەش زیاتر لـە بەشـێکی بازاڕەکانـی کوردسـتان، هاووڵاتیـان بـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی کارتـی ئەلیکترۆنیـی بانکـی مامـەڵـە دەکـەن و کاروبارەکانـی ژیانـی ڕۆژانـەی خۆیـان جێبەجـێ دەکـەن. ئـەم سیسـتمە کـە چـاوەڕوان دەکرێـت لـە سـاڵی داهاتـوو (٢٠٢٥) تـەواو بێـت، جیـا لـەوەی دەبێتـە هـۆکاری ئـەوەی مامەڵەکـردن بـە پـارەی کاش کـەم ببێتـەوە و کارتـی ئەلیکترۆنیـی بانکـی جێگـەی بگرێتـەوە، دەبێتـە هـۆکاری ئـەوەی هاووڵاتیـان متمانەیـان بـە بانکـەکان هەبێـت و چیتـر پـارەی کاش لـە ماڵەکانـدا هەڵنەگیرێـت و بەردەوامیـش کێشـەی سـیولەمان هەبێـت.



## ٢
## بە دیجیتاڵکردنی حکومەت
## کەمکردنەوەی ڕۆتین و ڕێگرتن لە گەندەڵی

لەو فەرمانگە و دامەزراوانەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە ڕاییکردنی مامەڵەی ڕۆژانـەی هاووڵاتیـان بـە شـێوەی دیجیتاڵـی کۆتایـی هاتـووە و بـە شـێوازی حکومەتـی دیجیتاڵـی کاری ڕۆژانـەی هاووڵاتیـان بەڕێـوە دەبـەن، ئاکامـی زۆر ئەرێنـی پیشـان دەدەن، بەتایبەتـی لـە هـەردوو فەرمانگـەی «هاتوچـۆ، کارتـی نیشـتمانی و ڕەگەزنامـە و نشـینگە»، کـە بـە کردەیـی کاریـان پێدەکرێـت، ئـەوا بـە گـەواهیـی هاووڵاتیانـی عەرەبـی پارێزگاکانـی دیکـەی عێـراق کـە دێنـە هەرێمـی کوردسـتان و سـەردانی ئـەو فەرمانگانـە دەکـەن، ڕاشـکاوانە ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە ئـەو مامەڵەیـەی لـە هەرێمـی کوردسـتان لـە مـاوەی کەمتـر لـە یـەك کاتژمێـر بـۆ هاووڵاتیـان تـەواو دەکرێـت، لـە هەمـان فەرمانگـەی پارێزگاکانـی عێـراق بـە دوو تـا سـێ هەفتـە تـەواو نابێـت.



٣

## بە پیشەسازی کردنی هەرێمی کوردستان

هەنگاوێکی دیکەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەوڵدان بووە بۆ ئەوەی کوردستان بکاتە وڵاتێکی پیشەسازی، بەو ئاستەی کە نەك هەر خاوەنی بەرهەمی خۆی بێت، بەڵکو بەشێك لە بەرهەمەکانیشی هەناردەی بازاڕەکانی عێراق و دەرەوە بکات، بۆ ئەمەش جیا لەوەی چەندین کارگەی گەورەی وەك کارگەکانی «ئاسن، چیمەنتۆ، بەرهەمەکانی شیر، پیشەسازیی خۆراك و...هتد» دامەزراون و ئێستا بەرهەمەکانیان لە بازاڕەکاندا دەفرۆشرێت، لە هەمان کاتدا لەسەر ئاستی گەشتیاری و کشتوکاڵیشدا هەوڵ دراوە، ئەم دوو سێکتەرە گرنگە بە پیشەسازی بکرێن و وەبەرهێنانی گەورەی تێدا بخرێتە گەڕ، لەمەش زیاتر هەوڵ دراوە لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان بازاڕ بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی جووتیارانی کوردستان بدۆزرێتەوە و بەرهەمی کشتوکاڵی کوردستان لە بازاڕەکانی کەنداو و ئەوروپا و تەنانەت ئەمریکاش ساغ بکرێتەوە.




٤

## مامەڵەی دروست لەگەڵ سەرچاوەکانی ئاو و کێشەی کەمئاوی

یەکێك لەو کێشانەی ڕووبەڕووی هەموو دەوڵەتانی جیهان بووەتەوە، کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەوایە، هەروەها کەمیی دابینکردنی ئاوی پاکی خواردنەوەیە بەپێی پێویست بۆ هاووڵاتییانیان.

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم سێکتەرەدا هەنگاوی زۆر گەورە و باشی هەڵگرتووە بۆ ئەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕینی کەشوهەوا لەسەر هەرێمی کوردستان کەم بکاتەوە، بۆ ئەمەش هەر لە ماوەی تەمەنی کابینەی نۆیەمدا، بە دەیان بەنداوی قەبارە گەورە و مامناوەندی دروست کراون و بەشێکیان تەواو بوون و بەشێکیشیان کاری بەردەوامی تێدا دەکرێت. تەنیا لەسەر ئاستی شاری هەولێر و دەوروبەری چەندین بەنداو دروست کراون، کە دیارترینیان بەنداوەکانی «گۆمەسپان، بەستورە، چەمرگە، دوین و قوشتەپە و...هتد»ن.



بۆ دابینکردنی ئاوی پاکی خواردنەوەش بە ئاستی پێویست بۆ هاووڵاتیان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەرنامەیەکی تۆکمە و ستراتیژی هەبووە، بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە نەك هەر بۆ ئێستا بەڵکو بۆ ٣٠ ساڵی داهاتووش چارەسەر بکرێت، بەتایبەتی دەستکردن بە جێبەجێکردنی پرۆژەی خێرا و فریاگوزاری بۆ هەولێری پایتەخت کە لە یەك کاتژمێردا ٢٠ هەزار مەتر سێجا ئاوی خواردنەوە بۆ هەولێر ئامادە دەکات. هەروەها پرۆژەی ئاوی قوشتەپە کە کێشەی کەمئاویی دەوروبەری هەولێر چارەسەر دەکات. هەمان پرۆژە بۆ پارێزگانی دیکە لە بەرنامەدایە و بەشێکیان وەك پرۆژەی ئاوی چەمچەماڵ کاری تێدا دەکرێت و پرۆژەی دووەمی ئاوی دووکان بۆ سلێمانی لە بەرنامەدایە و لە ئایندەیەکی نزیکدا بەردی بناغەی بۆ دادەنرێت.

# ١٩٠




١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان
کاندیدی ژمارە
١
ئارامی و ئاوەدانی
پێکەوەیی و خۆراگری
د. ڤالا فەرید سیان


١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان
کاندیدی ژمارە
٢
ئارامی و ئاوەدانی
پێکەوەیی و خۆراگری
هەڵگورد شێخ نەجیب


١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان
کاندیدی ژمارە
٣
ئارامی و ئاوەدانی
پێکەوەیی و خۆراگری
ئالان شەهید سەید اسکندر

١٩٠










کەمال محەمەد ساڵح وەزیری کارەبا بۆ گوڵان:

# لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە سەدان پڕۆژەی گەورە و ستراتیژیی کارەبا جێبەجێ کراون

---

**لە کابینەی نۆیەم بڕی ١،٣٢٨ مێگاوات کارەبا زیاد کراوە**

---

**٦١ پڕۆژەی گواستنەوەی کارەبا بە تێچوونی نزیکەی ٣٧٣ ملیۆن دۆلار جێبەجێ کراون**

---

**بۆ یەکەمین جار لە غازی بەفیڕۆچووی کێڵگەی نەوتی گەرمیان ١٦٥ مێگاوات کارەبا بەرهەم هێنراوە**

---

**٢٠ مێگاوات کارەبا بە وزەی خۆر بەرهەم هاتووە**

---

**پڕۆژەی ئەزموونی ٢٤ کاتژمێری کارەبا دەستی پێکرد و لەلایەن هاووڵاتیانەوە پێشوازییەکی گەرمی لێ کراوە**

---

**لە کۆی ١،٨٨٥،٢٧٠ هاوبەشی کارەبا بۆ ١،٣٤٥،٠٨٩ هاوبەش پێوەری زیرەک دانراوە**

---

**٦٠ هەزار هاوبەش سیستمی پڕیپەیدی ٢٤ کاتژمێریی کارەبایان بۆ دابین کراوە**

---

**لە کەرتی دابەشکردنی کارەبا ٣،١١٩ پڕۆژە بە تێچووی ٢٠٦ ملیار دینار جێبەجێ کراون**

١٩٠

لە دەستپێکی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا یەکێك لە پێشینەکانی کاری مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چارەسەرکردنی بنەڕەتیی کارەبای نیشتمانی و بونیادنانی ژێرخانی کارەبا و گەیشتن بووە بۆ دابینکردنی ٢٤ کاتژمێر کارەبا، کە وێڕای قەیرانی دارایی و بڕینی بوودجە و ئالنگارییەکانی بەردەم چارەسەرکردنی ئەم گرفتە گەورەیە کە چەندین ساڵە هەرێمی کوردستان تووشی بووە، لەم پێناوەدا وەزارەتی کارەبا کۆمەڵێك پڕۆژە و دامەزراندنی وێستگەی نوێی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و ڕاکێشانی سەدان کیلۆمەتر لە هێڵی پاڵەپەستۆی بەرز و، دانانی پێوەری زیرەك و کەمکردنەوەی سەرپێچییەکان و کردنەوەی هاوبەشی نوێی دەست پێکرد. کاتێك گۆڤاری گوڵان لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ کەمال محەمەد ساڵح، وەزیری کارەبا پرسیاری ئەوەی کرد، ئایا وێڕای ئەو هەموو پڕۆژە و کارانە بۆچی ماوەکانی پێدانی کارەبا بەو شێوەیە زیاد نەبووە؟ ئەو لە وەڵامدا بە داتاو ژمارە سەلماندی کە لەم کابینەیەدا چەندین پڕۆژە و کاری بەرچاو ئەنجام دراون، کە وێڕای ئەوەی زیاتر لە ٤٤٢،٨٥٩ هاوبەش زیاد بووە و خواست لەسەر بەکارهێنانی کارەبا هەڵکشاوە و هەرێمەکەمان ڕووبەڕووی بڕینی بوودجە و قەیرانی دارایی بووەتەوە، بەڵام ژێرخانی کارەبا بونیاد نرایەوە و بارودۆخەکە خرایە سەر ڕێگە ڕاست و دروستەکەی بەرەو چارەسەرکردنی یەکجارەکیی گرفتی کارەبا و گەیشتن بە ٢٤ کاتژمێر دابینکردنی کارەبا نزیك بووەتەوە. لێرەدا پوختەی گفتوگۆکە بڵاو دەکەینەوە و ڕاست و دروستیی دەستکەوتەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە داتا و ژمارە دەخەینە ڕوو.

---

*** با سەرەتای پرسیارەکەمان لەو خاڵەوە دەست پێبکەین، کە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زۆر باس لەو هەموو پڕۆژە و وێستگە و زیادبوونەی بەرهەمهێنانی کارەبا دەکرێت، ئایا دەکرێت باسی گرنگترینی ئەو پڕۆژە و کارانەمان بۆ بکەن کە بە درێژایی پێنج ساڵی ڕابردوو لە بواری کارەبادا ئەنجام دراون؟**

- لە چەندین دانیشتن و کۆبوونەوەدا ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نزیکەوە گوێبیستی هەنگاوەکانی چاکسازی و بونیادنانی ژێرخانی کارەبا بووە. بەڕێزیان بە وردی گفتوگۆی لەسەر چارەسەرەکان و هەنگاوەکان کردووە. هەر خۆی لە خۆیدا وەزارەتی کارەبا وەزارەتێکی خزمەتگوزارییە و پەیوەستە بە ژیان و بژێویی هاووڵاتیانەوە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سەرجەم سێکتەر و بوارەکانی ئابووری و کار و بژێویی هاووڵاتییانەوە هەیە. لەم کابینەیەدا وێڕای ئەو ئالنگارییانەی لە دەستپێکی کابینەکەدا ڕووبەڕوومان بووەوە، وەك پەتای کۆرۆنا و دابەزینی بەهای نەوت و قەیرانی دارایی، بەکارهێنەرانی کارەبا و هاوبەشانیش بە شێوەیەکی پێوانەیی ڕووی لە زیادبوون کردووە. ئەوەتا تەنیا لە ماوەی تەمەنی کابینەی نۆیەمدا ژمارەی هاوبەشانی نوێ گەیشتە سەرووی ٤٤٢،٨٩٥ هاوبەش و خواستی بەکارهێنانی کارەباش زۆر زیادی کردووە. گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و هەڵکشانی خواست لە هەردوو وەرزی زستان و هاویندا گرفتێکی دیکە بوو، بەتایبەتی کە ژمارەی هاوبەشانی کارەبا بۆ ١،٨٨٥،٢٧٠ هاوبەش بەرز بووەتەوە و، شار و شارۆچکەکان بە شێوەیەکی زۆر خێرا فراوان بوون و بە سەدان کارگە و پڕۆژەی نوێ دامەزراون. لەم بارودۆخە سەختەدا وای









١٩٠












لێهاتووە هەر پێشکەوتن و گەشە و فراوانبوونی ئامێرێکی کارەبایی بێتە ئەم هەرێمەوە پێویستی بە دابینکردنی وزەی کارەبای نوێ هەیە. پاڵپشتییەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبوایە هەرگیز ١،٣٤٠ مێگاوات کارەبا لەم کابینەیەدا زیاد نەدەبوو، کە ئەویش وێستگەکانی «خەبات ٣٠٠ مێگاوات، گەرمیان ١٦٥ مێگاوات، بازیان ٧٥٠ مێگاوات، دێرەلوک ٣٨ مێگاوات، ٢٩ مێگاواتی سێ پارێزگا ٨٧ مێگاوات»، ئەمە وێڕای نزیکەی ٢٠ مێگاواتی کەرتی گشتی و تایبەت کە بە وزەی خۆر بەرهەم هاتوون، بەمەش بەرهەمهێنانی کارەبا گەیشتووەتە ٤،٨٨٠ مێگاوات و ژێرخانی کارەباشمان گەیشتووەتە ٧،٦٨٩ مێگاوات کارەبا، بۆ یەکەمجاریشە لەهەرێمی کوردستان ١٦٥ مێگاوات کارەبا لە غازی بەفیڕۆچووی بیرە نەوتەکانی گەرمیان بەرهەم هاتووە، بۆ پاراستنی ژینگەش لە یاسای وەزارەتی کارەبا ماددەی تایبەت بە پاڵپشتیکردنی بەکارهێنانی وزەی خۆر بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا زیاد کراوە، چەندین پڕۆژەی گشتی و تایبەت بە توانای زیاتر لە ٢٠ مێگاوات کارەبا بەرهەم هاتوون و بە سەدان پڕۆژەی دیکە لە هەر دوو کەرتی گواستنەوە و دابەشکردندا جێبەجێ کراون.

*** وەزارەتی کارەبا لەم کابینەیەدا زۆر گرنگی بە دامەزراندنی وێستگەکانی گواستنەوە و ڕاکێشانی هێڵی کارەبا داوە. ئایا گرنگترینی ئەو پڕۆژانەی لە کەرتی گواستنەوەی کارەبادا ئەنجام دراون، چی بوون و تا چەند دووبارە بونیادنانەوەی ئەم سێکتەرە بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی کارەبا گرنگ بووە؟**

- بۆ ئەوەی ئەو بڕە کارەبایەی لە وێستگەکانی بەرهەمهێناندا بگەیێنینە هاوبەشانی کارەبا، پێویستمان بەوە هەیە ژێرخانی کەرتی گواستنەوەی کارەبا بونیاد بنێینەوە. بۆ ئەم مەبەستە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە سەدان پڕۆژەمان ئەنجام داوە، کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم. بۆ نموونە لە پارێزگای هەولێر «دامەزراندنی هێڵەکانی پاڵەپەستۆی بەرزی نێوان شەقڵاوە- سۆران، بۆ وێستگەکانی کەسنەزان و شاوێس و ڕێزان و شێروان مەزن و بارزان و وێستگەی ئازادیی کۆن- دووکان، وێستگەی ڕووناکی و برایەتی و سۆران- چۆمان- حاجی ئۆمەران و دامەزراندنی هێڵی پاڵەپەستۆی بەرز بۆ بەحرکە، هەروەها دامەزراندنی دەیان وێستگەی وەکو بەحرکە و شێروان مەزن و گردجووتیار و زانیاری و کەسنەزان و ڕووناکی و سۆران و نۆژەنکردنەوەی وێستگەی مەسیف و کڕینی چەندین وێستگەی گەڕۆکی کارەبا بۆ شەمامک و پردی حافز و چاککردنەوەی دەیان گۆڕەری گەورەی وێستگەکان»، لە پارێزگای سلێمانییش چەندین هێڵی کارەبای پاڵەپەستۆی بەرز دامەزران، لەوانە دامەزراندنی هێڵی نێوان «بازیان – چەمچەماڵ و بازیان – ڕاپەرین کە بە گەورەترین پڕۆژەی پاڵەپەستۆی بەرز دادەنرێت، بە تێچووی ٣١،٦ ملیار دینار و دامەزراندنی هێڵەکانی سەید سادق- هەڵەبجە و چەمچەماڵ – کەلار و کڕینی سێ وێستگەی گەڕۆک و فراوانکردنی وێستگەی دووکان و دامەزراندنی هێڵی نێوان هەڵەبجەی شەهید و وێستگەی خۆرماڵ و دامەزراندنی هێڵەکانی ٣٣ کەی ڤی بۆ وێستگەی مۆبایلی زێرینۆک و تانجەرۆ بۆ ناوچەی پیشەسازی و دامەزراندنی هێڵی ٣٣ کەی ڤی بۆ تانجەرۆی ناوچەی پیشەسازی و کڕینی وێستگەی گەڕۆکی ٢٥ مێگاواتی بۆ عەربەت لە سلێمانی و کڕینی چەندین گۆڕەری ٦٣ مێگاواتی بۆ وێستگەی ناوەندیی سلێمانی، ئەمە و لە پارێزگای دهۆکیش هێڵی ١٣٢ کەی ڤیی هەولێر– دهۆک و سێمێل-زاخۆ دامەزرا و هێڵەکانی ٣٣ کەی ڤیی «قەسرۆک، بەردەڕەش، دارەتوو، شاریا، دێرەلوک-شیلادزێ و فراوانکردنی وێستگەی ١٣٢ کەی ڤیی فایدە» و چەندین کاری دیکەی گرنگ، لە

١٩٠




سنووری ئیدارەی گەرمیانیش چەند وێستگە و هێڵی پاڵەپەستۆی بەرز دامەزراند، بۆ نموونە دامەزراندنی وێستگەی کفری و وێستگەی گەرۆکی ساڵح ئاغا و دامەزراندنی هێڵی کەلار. بەشێوەیەکی گشتی تەنیا لە بواری گواستنەوەی کارەبا لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ٢٠١٩ تاکو مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٤ زیاتر لە ٦١ پرۆژە بە تێچوونی ٨٤ ملیۆن و ٣٧٢ هەزار دۆلار جێبەجێ کراون.

*** یەکێك لەو بوارانەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە هاوبەشانی کارەباوە هەیە و ڕۆڵی لە گەیاندنی کارەبادا هەیە بۆ هاووڵاتیان و بەشداربووان، بریتییە لە کەرتی دابەشکردنی کارەبا، ئایا لەم بوارەدا چ پرۆژەیەك ئەنجام دراوە؟**

- لە کەرتی دابەشکردنی کارەبا ٣،١١٩ پرۆژە بە تێچووی ٢٠٦ ملیار دینار جێبەجێ کراون. لەگەڵ فراوانبوونی شار و شارۆچکەکان، نۆژەنکردنەوەی تۆڕی ناوخۆ، گرنگیی خۆی هەبووە. ڕاکێشانی سەدان فیدەری کارەبا لە وێستگەکانەوە بارزۆری و گرفتەکانی ئۆڤەرلۆدی کەم کردەوە. پێوەری زیرەك تەقاندنەوە و سووتانی محاویلەکانی کەم کردەوە و سەرپێچییەکانی کارەبا کە هۆکار بووە بۆ نادادپەروەری و زیانگەیاندن بە تۆڕی کارەبا کەم کرایەوە.

لە ئێستادا کار دەکەین بۆ فراوانکردنی سیستمی پریپەید و پرۆژەی ئەزموونیی ٢٤ کاتژمێریی کارەبا، هەنگاوەکانی چاکسازی لە سێکتەری کارەبا و گەیشتن بە




















کارەبایەکی بەردەوام تەنیا بەم ڕێگەیە دەبێت. دوای ئەوەی بە سەرکەوتوویی دانانی پێوەری زیرەك بۆ یەك ملیۆن و ٣٤٥ هەزار هاوبەش جێبەجێ کرا، هەنگاوی دووەم جێبەجێکردنی سیستمی پریپەیدە کە لە ئێستادا بۆ زیاتر لە ٦٠ هەزار هاوبەش دانراوە و ٢٤ سیتیی نیشتەجێبوونی های کۆست و سێ بازاڕ ٢٤ کاتژمێر کارەبای نیشتمانییان هەیە، بەمەش ٣٣٠ مۆلیدە کوژاونەتەوە. زێدەڕۆیی لەسەر تۆڕەکان کەم کراوەتەوە و کوژانەوەی فیدەرەکان لەو شوێنانەدا نەماوە، بڕیاریشە ئەم پڕۆژەی ٢٤ کاتژمێریی کارەبایە بە خێرایی لە چەندین گەڕەك و ناوچەی دیکەی کوردستان جێبەجێ بکرێت. لە ئامێدی بۆ یەکەمین جارە خەڵکی وایەری مۆلیدەکانیان لێ کردەوە و کارەباکەی بووەتە ٢٤ کاتژمێری.

*** زۆر باس لە پڕۆژەی ئەزموونیی ٢٤ کاتژمێریی کارەبا دەکرێت، بەتایبەتی کە لە گەڕەکێکی شاری هەولێر جێبەجێ کراوە و وەزارەت ڕایگەیاند کە لەلایەن هاووڵاتییانەوە پێشوازییەکی باشی لێ کراوە. دەکرێت زیاتر باسی ئەم پڕۆژەیەمان بۆ بکەیت؟**

- پڕۆژەی دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری کە لە گەڕەکی شادی لە هەولێر جێبەجێ کرا، لەلایەن دانیشتووانەکەیەوە پێشوازییەکی باشی لێکرا. توانیمان بە هەماهەنگی لەگەڵ دانیشتووانەکەی و لە ڕێگەی تیمێکی شارەزا و پسپۆڕەوە هەنگاوێکی گەورە بنێین. ئەم پڕۆژەیە ئەزموونییە و دیراسەتی ورد دەکرێت تاوەکو

١٩٠





باشتر لە پێویستی و داواکاریی هاووڵاتییان تێبگەین. لە پڕۆژەکەدا هاووڵاتیان و هاوبەشانی کارەبا لە ڕێگەی کورتەنامەوە لە بارەی ڕێژەی بەکارهێنانی کارەبا ئاگادار دەکرێنەوە. بەڕاستی لە ڕووی دابینکردنی پێداویستیی هاووڵاتیان و بەردەوامیی کارەباکە و نرخ و تێچوون و تەنانەت کوژانەوەی مۆلیدەکانەوە هەنگاوی باش نراوە، داواشم لە تیمەکان کردووە پڕۆژەکە خێراتر بکرێت و لە قۆناغی نوێدا چەند گەڕەکی دیکەی شاری هەولێر بگرێتەوە، لە قۆناغی داهاتووشدا بەرەو شارەکانی دیکەی کوردستان دەبردرێت. ئەمە ئەو ڕێگە و بەرنامە و ستراتیژییەتە ڕاست و زانستییەیە کە کۆتایی بە چەندین گرفتی کارەبا لە کوردستان دەهێنێت و داوای سەرەکیی ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە و ئەرکی سەرشانمانە پەلە لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکەدا بکەین و کۆتایی بە ئاڵۆزترین و قورسترین کێشەی هەرێمی کوردستان بهێنین.

*** جگە لە پڕۆژەی ئەزموونیی ٢٤ کاتژمێریی کارەبا و پریپەید، لە چەندین بۆنەدا باست لە چەند پڕۆژەی گەورە و ستراتیژی کردووە، کە ڕۆڵی دەبێت لە کەمکردنەوەی چارەسەرکردنی کارەبادا، بەتایبەتی ڕاکێشانی بۆڕیی غاز بۆ وێستگەی غازی دهۆک، ئەم پڕۆژەیە چییە؟**









١٩٠












- دوای ئەوەی لەم کابینەیەدا لە ئەنجامی هەمووارکردنەوەی گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا گوژمەیەکی زۆر کارەبا بۆ گەنجینەی حکومەت گەڕایەوە. بۆ نموونە لە کەمکردنەوەی نرخی کڕینی مێگاوات لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا ساڵانە ٢١٢ ملیۆن دۆلارمان گەڕاندەوە ئەمە جگە لە کەمکردنەوەی نرخی کڕینی کارەبا لە وێستگەکانی ٢٩ مێگاواتی و ٥١ مێگاواتی کارەبا، لە پلانی وەزارەتی کارەباشدایە لەسەر بنەمای دامەزراندنی پڕۆژە ستراتیژییەکانی وێستگە و تۆڕی پاڵەپەستۆی بەرزی ٤٠٠ کەی ڤی و ڕاکێشانی بۆڕیی غاز بۆ وێستگەی غازی دهۆك و بونیادنانی سیستمی سکادا بۆ بەڕێوەبردن و کارپێکردنی تۆڕی کارەبای هەرێم هەیە، ئەمە جگە لەوەی لە بەرنامەی کاری وەزارەتدایە و بە جدییش کاری لەسەر کراوە، بۆ زیاتر گرنگیدان بە بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزە نوێبووەکان و وزەی پاك، بەتایبەتی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر، کە ئەم ئاسانکارییە و پاڵپشتییە وای کردووە لە کەرتی گشتی و تایبەتدا زیاتر لە ٢٠ مێگاوات کارەبا بەرهەم بهێنرێت، ئەمە وێڕای هاوبەشانی ماڵان کە تا دێت دانانی سیستمی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر ڕوو لە زیادبوون دەکات.

# ١٩٠





١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان
کاندیدی ژمارە
٢٥
ئارامی و ئاوەدانی
پێکەوەیی و خۆراگری
زرار حسێن هەرکی
(حاجی زرار)




١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان
کاندیدی ژمارە
٢٦
ئارامی و ئاوەدانی
پێکەوەیی و خۆراگری
زەمان حسن احمد
(سەید زەمان زراری)




١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان
کاندیدی ژمارە
٢٧
ئارامی و ئاوەدانی
پێکەوەیی و خۆراگری
مامۆستا سارا مام وسو

١٩٠

بەشار ئیبراهیم عەزیز
یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی گەشەپێدانی پیشەسازی بۆ گوڵان:

# ژمارەی مۆڵەتی کارگەکان لە هەرێمی کوردستان تا ساڵی ٢٠٢٤ گەیشتووەتە ٤٦٠٧ کارگە و ٤٩،٧٥٧ هەلی کاریان دابین کردووە

**لە هەرێمی کوردستان شەش کارگەی چیمەنتۆ هەن و تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٣ بڕی بەرهەمی کارگەکانی «تاسلۆجە و بازیان و ماس و گاسن» گەیشتووەتە ١١ ملیۆن تەن**

**لە دهۆک بە ڕێژەیەکی بەرز ناوچەی پیشەسازیی خۆراک تەواو بووە و ٣٣٠ شوێن بۆ کارگەی خۆراک ئامادە کراوە**

**هەوڵ بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمی خۆماڵی دەدرێت هەر لەم چوارچێوەیەدا بەدەیان بەردی بناغە دانراوە و کارگەی پیشەسازیی خۆراکی کراوەتەوە**

**سەرۆک وەزیران بەردی بناغەی هەرسێ پرۆژەی کارگەی دەستاڕی ئارد، خانووی شووشەیی بۆ چاندنی میوە و سەوزە، بەخێوکردنی مانگا و پیشەسازیی خۆراکی لە شاری دهۆک دانا**

**بەردی بناغەی هەردوو پرۆژەی ناوچەی پیشەسازی و کارگەی ڕیسایکلین لە زاخۆ دانراوە**









مەسرور بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان گرنگییەكی تایبەتی بە پاراستنی بەرهەمی كارگەكان و بونیادنانی ژێرخانی پیشەسازیی داوە، ئەمەش لەپێناو دابینكردنی پێداویستیی ناوخۆ و دۆزینەوەی هەلی كار بۆ گەنجەكان و بووژانەوەی ئابووریی هەرێمی كوردستان بووە. بۆ ئەم مەبەستە ئاسانكاریی زۆری بۆ پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی كارگەكانی وەبەرهێنان كردووە، تا وەبەرهێن و بزنێسكارەكان ڕوو لە كەرتی پیشەسازی و دامەزراندنی كارگەكان بكەن. گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم پرسە و گەشەكردنی كەرتی پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان دیدارێكی لەگەڵ بەشار ئیبراهیم عەزیز یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی ساز دا.

---

*** كەرتی پیشەسازی و كارگەكانی نێوخۆ بەهۆی كۆمەڵێك ئالنگاری و پەتای كۆرۆنا و قەیرانی داراییەوە ڕووبەڕووی گرفتی گەورە بوونەوە، بەڵام خۆڕاگریی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕێگر بوو لە بەردەم داخستن و مایەپووچبوونی كارگەكان و، ژمارەیەكی زۆری كارگەش دامەزران. ئایا دەكرێت باسێكی ئەم ژمارە زۆرەی كارگەكانمان بۆ بكەن؟**

-فرەچەشنكردنی ئابووری و گرنگیدان بە كەرتەكانی كشتوكاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری بۆ كەمتر پشتبەستن بە داهاتی هەناردەكردنی نەوت، گۆڕانكارییەكی جۆری لە ئابووری هەرێمی كوردستانی لێكەوتەوە، بەتایبەتی ئەو ژینگە لەبارەی بۆ وەبەرهێنەران و كەرتی تایبەت لە هەرێمی كوردستان دامەزرا، كە وای كرد لە ساڵی ٢٠٢٢ ژمارەی پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی كارگەكان بەشێوەیەكی بەرچاو زیادی كرد و گەیشتە نزیكەی ٢٧٣ مۆڵەت، بە سەرمایەی ١٨٧،٣٥١ دۆلار و ڕەخساندنی هەلی كار بۆ نزیكەی ٤٠٠٠ كەس، بەمەش ژمارەی مۆڵەتدان بە كارگەكانی كەرتی تایبەت بۆ نزیكەی ٤٦٠٧ كارگە زیادی كردووە و هەلی كار بۆ زیاتر لە ٤٩،٠٠٠ كەس فەراهەم كراوە، ڕێژەی ٦٦٪ی ئەم كارگانەش لە پارێزگای هەولێرە و ٢٤٪ لە پارێزگای سلێمانی و ١٠٪ لە پارێزگای دهۆكە، لەم كارگانەشدا لە هەولێر ٢٨،٠١٠ هەلی كار دابین كراوە و لە سلێمانی ٩،٢٤٩ و لە پارێزگای دهۆك ١٢،٤٩٨ كەس هەلی كاریان دەست كەوتووە. هاوكات تاوەكو ناوەڕاستی ساڵی ڕابردوو ژمارەی ئەو كارگانەی كە لێخۆشبوونی گومرگییان بۆ كراوە، گەیشتووەتە ١،٤٢٦ كارگە، لەم كابینەیەدا گرنگییەكی تایبەتی دراوە بە دامەزراندنی ناوچە پیشەسازییەكان و چەندین ناوچەی پیشەسازی دروست كران و ژمارەیەكی دیكەش لە قۆناغی دامەزراندندان، لە ناو ئەم ناوچە پیشەسازییانەشدا بە سەدان دەرفەت و هەلی دامەزراندنی كارگە دراوە بە وەبەرهێنەران و كەرتی تایبەت، بەتایبەتی لە بواری دامەزراندنی پیشەسازیی خۆراكدا، لە هەرێمی كوردستان خۆراك هەیە، بەڵام پیشەسازیی خۆراكی نەبووە، لەم كابینەیەدا سەدان كارگە بنیاد نراون كە بەرهەمە خۆراكییەكانیان دەخەنە بازاڕەوە، هەرچەندە ئەو كارگانە لە قوتووبەند و دیزایندا نەیانتوانیوە ڕكابەریی بەرهەمی دەرەكی بكەن، بەڵام بە هەنگاوێكی گرنگ بۆ بونیادنانی كەرتی پیشەسازیی خۆراك لە كوردستان هەژمار دەكرێت.







١٩٠









*** ئەو کارگانەی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دامەزراون، یان بەرهەمیان زیادی کردووە، زیاتر لە چ بوارێکدا بووە؟**

- کارگەکان بەسەر سێ جۆری گەورە و مامناوەند و بچووکدا دابەش بووە، کارگە گەورەکانی وەکو چیمەنتۆ و ئاسن و پلاستیك بە کارگە ستراتیژییەکان دادەنرێن، بۆ نموونە لە چوار ساڵی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بڕی بەرهەمهێنان و دابینکردنی چیمەنتۆ لە شەش کارگەی چیمەنتۆ «کارگەکانی تاسڵوجە و بازیان و ماس و گاسن وکار» گەیەندراوەتە ١١ ملیۆن تەن، لە ٢٢ی مانگی ٦ی ٢٠٢٣ سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی کارگەی چیمەنتۆی دابین-ی لە پارێزگای هەولێر دانا، هەروەها ١٥ کارگەی شیشی کۆنکرێتی هەیە بە توانای ١٣ ملیۆن تەن. بەشێوەیەکی گشتی ئەو کارگانەی کە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا مۆڵەتیان پێ دراوە بریتی بوون لە کارگەکانی «خۆراك، بیناسازی، ڕستن و چنین، فلزییەکان، کیمیاوی، پلاستیکی، سلیلۆزی، ئامێر و مەکائین، مۆبیلیات، دووبارە بەکارهێنانەوە، خزمەتگوزاری، کە کۆی گشتیی ئەم کارگانە لە ساڵی ٢٠١٩ تا مانگی ٦ی ٢٠٢٣ گەیشتووەتە ٨٠٥ کارگە و نزیکەی ١٤ هەزار هەلی کاری تێدا دامەزراوە، لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان ژمارەی مۆڵەتی کارگەکان لە ساڵی ٢٠٢٤ گەیشتووەتە ٤،٤٨٩ کارگە و ٤٩،٧٥٧ هەلی کاریان دابین کردووە.

*** لە بواری وەبەرهێنان، لە کەرتی پیشەسازیدا چی کراوە، بەتایبەتی گرنگیدان بە ناوچە پیشەسازییەکان، کە ڕۆڵی سەرەکییان لە زیادبوونی ژمارەی کارگەکان لە هەرێمی کوردستان هەیە؟**

١٩٠

- دروستكردنی ژمارەیەكی زۆری ناوچەی پیشەسازی چووەتە قۆناغی جێبەجێكردنەوە و ژمارەیەكیان بەردی بناغەیان بۆ دانراوە، وەكو ناوچەی پیشەسازیی زاخۆ، ئەوانی دیكەش قۆناغ بە قۆناغ دەكرێنەوە. لە دهۆك بە ڕێژەیەكی بەرز ناوچەی پیشەسازیی خۆراك تەواو بووە و ٣٣٠ شوێن بۆ كارگەی خۆراك ئامادە كراوە، بەگشتی لە هەرێمی كوردستاندا لە بەرنامەی وەبەرهێناندایە ١٦ ناوچەی پیشەسازی دروست بكرێن. ئەم ناوچە پیشەسازییانە ڕۆڵیان دەبێت لە ڕاكێشانی وەبەرهێنەكان بۆ دامەزراندنی كارگە و بەگەڕخستنی سەرمایەكانیان و تەنانەت ڕاكێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی، كە زۆر گرنگە بۆ پێشخستن و بەهێزكردنی پەیوەندییەكانمان لەگەڵ وڵاتانی بیانی و جیهانی دەرەوەدا.

*** بەرنامە و پلانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ پەرەپێدان و بووژانەوەی كارگەكان چییە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە حكومەتی عێراقی فیدراڵییەوە هەیە، چونكە لە ماوەكانی ڕابردوودا لە ڕێگەی دانانی بازگەی نایاسایی لە نێوان هەرێمی كوردستان و شارەكانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا ڕێگری لە هەناردەكردنی بەرهەمی ناوخۆیی هەبوو؟**

- ئێمە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەموو هەوڵەكانمان خستووەتەگەڕ لەپێناو گەشەپێدانی چالاكییە پیشەسازییەكان و ڕێكخستنی چالاكییە بازرگانییەكاندا، تاوەكو كاریگەریی نەرێنی نەكاتە سەر بەرهەمی ناوخۆیی، هاوكات بۆ پێشكەوتنی كەرتی پیشەسازی پێویستە حكومەتی عێراقی فیدراڵیش ددانپێدانانی بەم مۆڵەتانەدا هەبێت و ڕێگری لە هەناردەكردنی بەرهەمە نێوخۆییەكانی كوردستان نەكات، خۆشبەختانە خۆڕاگری و هەوڵەكانی جەنابی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی كوردستان و تیمەكەی ڕۆڵی باشیان هەبوو لە كردنەوەی گرێ كوێرەكان و چارەسەركردنی گرفت و كێشەكاندا، لەلایەكی دیكەوە هەوڵەكانمان بۆ كەمكردنەوەی كرێی كارەبا و بەهێزكردنی ڕۆڵی بانكی بۆ پاڵپشتیكردنی كەرتی پیشەسازی دەست پێكردووە. هەر لە درێژەی هەوڵەكانی وەزارەتماندا توانرا یاسای ٢٠ی عێراقیی ساڵی ١٩٩٨ كە یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازییە بۆ كەرتی تایبەت و تێكەڵاوە، لە پەرلەمانی كوردستان هەموار بكرێتەوە.













١٩٠

یەکێك لەو خاڵانەی کە داوامان کردووە بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بابەتی بەشی کانزاکانە لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، کە پێویستە بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتمان بە هاوشێوەی وەزارەتی پیشەسازی و کانزاکانی حکومەتی فیدراڵی، چونکە زۆربەی کانزاکان وەکو کەرەستەی خاو لە کەرتی پیشەسازیدا بەکار دێن.

*** هەر سەبارەت بە دەرکردن و هەموارکردنەوەی یاساکان، ئایا لەم کابینەیەدا تا چەند توانیوتانە ئەم ماددە یاسایی و ڕێنماییانە هەموار بکرێتەوە، یان گۆڕانکاریی تێدا بکرێت کە لەگەڵ قۆناغەکەدا بگونجێت؟**

- جگە لە هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی بۆ کەرتی تایبەت و تێکەڵاو، چەندین یاسا و ڕێنمایی دیکە دەرچووە، کە ئیمتیازات و پاڵپشتیی باشی تێدایە بۆ خاوەن کارگە و کارخانەکان، تەنانەت توانیومانە وەبەرهێنانی بیانی ڕابکێشینە ئەم بوارە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کۆمەڵێك ئیمتیازات و کارئاسانی و ژینگەی لەبار ڕەخساوە.

*** یەکێك لەو گرفتانەی خاوەن کارگەکان هەیانبوو، بابەتی نغرۆکردنی بازاڕەکانی ناوخۆیە بە بەروبووم و بەرهەمی کارگەکانی وڵاتانی ئێران و تورکیا، ئایا لەم ڕووەوە چی کراوە، تاوەکو هێنانی ئەو جۆرە کاڵا و بەرهەمانە زیانی نەبێت بۆ ئەو بەرهەمانەی کە لە نێوخۆدا بەرهەم دێت؟**

- گرنگیی زۆر بە بەرهەمی نێوخۆیی دەدرێت، لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵەکان بەردەوامە تاوەکو یاسای بەرهەمی نێوخۆیی بە تەواوەتی جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە گرنگی بە بازاڕکردنی بەرهەمی خۆماڵی دەدرێت، هەر لەم چوارچێوەیەدا بە دەیان بەردی بناغە دانراوە و کارگەی پیشەسازیی خۆراکی دانراوە و کراوەتەوە، بۆ نموونە سەرۆك وەزیران لە ساڵی ٢٠٢٢ بەردی بناغەی هەرسێ پرۆژەی کارگەی دەستاڕی ئارد، خانووی شووشەیی بۆ چاندنی میوە و سە وزە، بەخێوکردنی مانگا و پیشەسازیی خۆراکی لە شاری دهۆك دانا و، لە ساڵی ٢٠٢٣ شدا بەردی بناغەی هەردوو پرۆژەی ناوچەی پیشەسازی و کارگەی ڕیسایکلینی لە زاخۆ دانا، ئەم پرۆژانە هەلی کار بۆ هەزاران گەنج دەڕەخسێنن و ئابووریی هەرێم بەرەو پێش دەبەن.











١٩٠










**دکتۆر کاروان سەباح هەورامی**

بەڕێوەبەری گشتیی سەرچاوەکانی ئاو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ گوڵان:

# گۆڕانکاریی گەورە و نەوعی لە پرۆژەکانی بەنداو و پۆند و ئاودێری لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراون

---

**ئەو بەنداو و پۆندانەی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراون، یەکسانە بە ٣٠٪ی تەواوی ئەو پرۆژانەی لە تەمەنی حوکمڕانیی کوردی جێبەجێ کراون**

---

**سێ پرۆژەی گواستنەوەی ئاوی سەرزەویمان بۆ ناو ئەمبارەکانی ئاوی ژێرزەوی جێبەجێ کردووە**

---

**پرۆژەی زیندووکردنەوەی کانییە وشکبووەکانمان دەست پێکردووە**

---

**لە هەموو کوردستان ٢٠ بەنداومان هەیە کە شەش بەنداویان لەم کابینەیەدا دروست کراون و تەواو بوو**

# ١٩٠


١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان
کاندیدی ژمارە
٤٦
ئارامی و ئاوەدانی
پێکەوەیی و خۆراگری
مامۆستا عوسمان قادر شێروانی


١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان
کاندیدی ژمارە
٤٧
ئارامی و ئاوەدانی
پێکەوەیی و خۆراگری
عەلی ئامە


١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان
کاندیدی ژمارە
٤٨
ئارامی و ئاوەدانی
پێکەوەیی و خۆراگری
مەلا عمادالدین مەلا فائز
شێخی چۆلی هەولێری



١٩٠




گۆڕانکارییە نەرێنییەکانی کەشوهەوا و کەمبوونەوەی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی و وشکەساڵی لە مەترسیدارترین تەحەددییەکانی بەردەم مرۆڤایەتی و وڵاتانە و کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر کەمبوونەوەی ئاوی خواردنەوە و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پیسبوونی ژینگە و سەرجەم سێکتەرەکانی دیکەی ئابووری و گەشتیارییش هەیە. لەخۆڕا نەیانوتووە، «ئاو و ئاوەدانی». لەم چوار ساڵەی ڕابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆریان بە دروستکردنی بەنداو و پۆندەکان داوە. هەرچەندە بەنداوەکان بە پڕۆژەی گەورە و ستراتیژی دادەنرێن و بودجە و پارەیەکی زۆری پێویستە، بەڵام قەیرانی دارایی ڕێگر نەبووە لەبەردەم ئەنجامدانی ئەم جۆرە پڕۆژەیانە. گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم پرسە و جێبەجێکردنی پڕۆژەی بەنداو و پۆندەکان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر کاروان سەباح هەورامی بەڕێوەبەری گشتیی سەرچاوەکانی ئاو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ساز دا.









١٩٠













*** ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی و گۆڕانکاری کەشوهەوا مەترسیدارترین ئالنگارییەکانی بەردەم دانیشتووانی هەرێمی کوردستانە کە وای کردووە، لە وەرزی هاویندا ئاستی ئاوی ژێر زەوی و دابینکردنی ئاوی خواردنەوە گرفتی گەورەی تێدا دروست بێت. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا تا چەند توانراوە لەم کابینەیەدا پڕۆژە گەورە و ستراتیژییەکان جێبەجێ بکەن، تاوەکو بتوانن ڕووبەڕووی کەمکردنەوەی شوێنەوار و کاریگەرییە نەرێنییەکانی کەمئاوی ببینەوە؟**

- وشکەساڵی و گۆڕانکاری لە ڕیتمی دابارینی باران و خراپبوونی کەشوهەوا مەترسیدارترین هەڕەشەکانی بەردەم مرۆڤایەتییە، ئێمەش نەك هەر لەم هەڕەشە مەترسیدارە بەدوور نین، بگرە شەپۆلی وشکەساڵییەکە لە دوای ساڵی ١٩٩٨ـەوە تا ساڵی٢٠٠٩ ڕووی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق کردووە، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ خراپیی ژێرخانی بنەڕەتیی ئاو و کەمیی پڕۆژە ئاوییەکان، کە زیانی بۆ سەر کۆچی گوندنشینەکان و ئاڵۆزبوونی گرفتی کەمئاوی لەناو سەنتەری شارە

١٩٠




گەورەكانی بووە، لەم واقیعە تاڵ و دۆخە سەختەدا بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە كردار دەستی بەجێبەجێكردنی كارنامەی كابینەكەی كرد و چەندین پرۆژەی بەنداو و پۆندی دروست كرد. بە ڕادەیەك ئەوەی لەم دوو ساڵەی كۆتایی تەمەنی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە بواری بەنداو و پۆندەكاندا ئەنجام دراوە، یەكسانە بە ٣٠٪ی تەواوی ئەو پرۆژانەی ئاودێری كە بە درێژایی ٣٠ ساڵی ڕابردوو جێبەجێ كراون. ئێستا لە هەموو كوردستان ٢٠ بەنداومان هەیە كە شەش بەنداویان لەم كابینەیەدا دروست كراون و تەواو بوون. لەمەش گرنگتر تێچوونی بەنداو و پۆندەكان لەم كابینەیە زۆر كەم كراونەتەوە، واتە بەو پارەیە كە پێشتر تەنیا یەك پرۆژەی پێ دەكرا، لە ئێستادا دوو پرۆژەی پێ دەكرێت. هەموو ئەو بەنداو و پۆندانەش بە شێوەیەكی دادپەروەرانە لەسەرجەم پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆكانی سەرتاسەری هەرێمی كوردستان ئەنجام دراون بەبێ جیاوازی، ئەوەش خاڵێكی زۆر پرشنگدارە كە وێڕای ئاستەنگ و گرفتەكان دەستی ئەم كابینەیە گەیشتووەتە هەموو ناوچەكان، بۆ نموونە لە گەرمیان لە كفری پۆندی تەواوكراومان هەیە و لە هەڵەبجە و قەرەداغ و چەمچەماڵ چەندین پۆندی دیكە لەژێر جێبەجێكردندان و بەم نزیكانە كارەكانیان تەواو دەبێت. بە هەمان شێوە لە هەولێر و ئاكرێ و زاخۆ و شێخان و شەقڵاوە و بنەسڵاوە و قوشتەپە و كۆڕێ و.. تادوایی. پۆندمان هەیە جێبەجێ كراون و هەشە لە قۆناغی جێبەجێكردندایە. لە پلان و بەرنامەی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستانە لە هەموو قەزاو ناحیەكان پۆند دروست بكرێت و خەڵكی كوردستان لەهەر شوێنێك بن، بێبەش نەكرێن لە دروستكردنی پۆندەكان.

*** گرنگترینی ئەو بەنداو و پۆندانەی لەم كابینەیەدا تەواو بوون و توانراوە ئاوی تێدا ئەمبار بكرێت، كەوتوونەتە چ شوێنێكەوە؟**

- وەكو ئاماژەم پێدا بەنداو و پۆندەكان دوو جۆرن، ئەوانەی تەواو بوون و ئاوی تێدا ئەمبار دەكرێت و ئەوانەی تەواویش نەبوون لە قۆناغی پێشكەوتوودان و ئاوی تێدا ئەمبار دەكرێت. بۆ نموونە بەنداوی دێوانە لە دەربەندیخان و جەمرگە لە هەولێر و









١٩٠













خنس لە دهۆك تەواو بوون، هەروەها بەنداوی گۆمەسپان کە یەکەمین بەنداوی هەولێر و سێیەمینی گەورەترین بەنداوی کوردستانە، بە توانای ١١٥ ملیۆن مەتر سێجا بارانا و گل دەداتەوە و بۆ کۆتایی ئەمساڵ تەواو دەبێت. هەروەها بەنداوی بەستۆرە توانای گلدانەوەی ٢٠ ملیۆن مەتر سێجای ئاو هەیە و کارەکانی بەرەو تەواو بوون دەچێت. هاوکات بەنداوی شەوگێڕ و چەمرگە و ئاقووبان تەواو کراون و بەنداوەکانی بنەسڵاوە و پۆندی زانکۆی نێودەوڵەتی بەریتانی لە کەسنەزان و چەندین بەنداوی دیکە لە پارێزگاکانی سلێمانی و دهۆك و ئیدارە سەربەخۆکان لە قۆناغی جێبەجێکردندان.

*** جگە لە پڕۆژەی بەنداو و پۆندەکان ئایا پڕۆژەی دیکەی ئاودێری لە پلان و بەرنامەدایە کە جێبەجێ بکرێت، بەتایبەتی لە نزیك بەنداو و پۆندە تازە تەواوبووەکان؟**

- بۆ یەکەمین جارە لە هەرێمی کوردستان سێ پڕۆژەی پاراوکردنی ئاوی ژێرزەوی جێبەجێ کراوە، کە بیرۆکەیەکی زانستی نوێیە و ئاوی سەر زەوی بە شێوەی دەستکرد دەگوازرێتەوە ناو ئەمبارەکانی ئاوی ژێر زەوی، هاوکات لەم کابینەیە پڕۆژەی زیندووکردنەوەی کانییە وشکبووەکان جێبەجێ کرا. هەر لەم کابینەیە بابەتی ڕێگرتن و کەمکردنەوەی زیانەکانی لافاو لە هەولێر چارەسەر کرا و نزیکەی ٢١ پۆند لە دەوروبەری هەولێر دروست دەکرێن. زۆر لەم پڕۆژانە بە پڕۆژەی نەوعی و ستراتیژی دادەنرێن، ئێستا ١٨ پڕۆژەمان بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی ئاودێری ڕاگەیاندووە.

*** یەکێك لە پڕۆژە گەورە و ستراتیژییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پڕۆژەی فریاگوزاریی خێرای گەیاندنی ئاو بوو بۆ شاری هەولێر کە بەردی بناغەی بۆ دانرا. ئایا ئەم پڕۆژەیە تا چەند گرنگە بۆ سوودوەرگرتن لە ئاوی زێی گەورە و پاراستنی ئاوی ژێر زەوی؟**

- ڕاسپاردە و فەرمانەکانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە ئاراستەی سوودوەرگرتنە لە ئاوی سەر زەوی و پاراستنی ئاوی ژێر زەوی، لەم پێناوەدا دانانی بەردی بناغەی پڕۆژەی فریاگوزاریی خێرای گەیاندنی ئاو بۆ شاری هەولێر بە سوودوەرگرتن لە ئاوی زێی گەورە بە یەکێك لە پڕۆژە ستراتیژییەکانی سەرۆکی

١٩٠










حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، کە تاچەندین ساڵی دیکە کێشەی کەم ئاوی هەولێری پایتەخت چارەسەر دەکات. هەڵبەتە گواستنەوەی ٢٠ هەزار مەتر سێجا ئاو لە کاتژمێرێکدا کە دوو هێندەی پرۆژەی ئیفراز سێی هەولێرە، جگە لەوەی دەیان گەڕەکی هەولێر کە ئاوی پاڵێوراویان پێ دەگات، زیاتر لە هەزار بیری ئاوی ژێر زەویش دەکوژێنرێنەوە. لەلایەکی دیکەوە بۆ سوودوەرگرتن لە ئاوی زێی بچووکیش بەردی بناغەی پرۆژەی ئاوی قوشتەپە دانراوە، کە ئاو بۆ قەزای قوشتەپە و زیاتر لە ٦٠ گوندی ناوچەکە دابین دەکات، هەروەها لە چەندین پرۆژەی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە فراوانکردن و نۆژەنکردنەوە و بەرزکردنەوەی توانای پرۆژەکە ئەنجام دراون. بۆ نموونە نۆژەنکردنەوە و فراوانکردنی پرۆژەی ئیفراز توانای ئاوی نێردراو زیاد دەکات. هەروەکو بەڕێز سەرۆك وەزیران وتی، چارەسەرکردنی گرفتی کەمئاوی بە تانکەر نابێت، بەڵکو بە ڕێگەی ئەم پرۆژە گەورە و ستراتیژییانەوە دەبێت، تەنانەت بە بیرهەڵکەندن و نۆژەنکردنەوەی بیرە کۆنەکان کە وای لێهاتووە ڕێژەیەکی زۆری بیرەکان ساڵانە وشك دەکەن، چارەسەری ئەم دۆخە ناکات. ئەگەر بە ویژدانەوە باسی ئەم پرۆژانە بکەین لەم دۆخە سەخت و دروستکراوەی قەیرانی دارایی و نەبوونی سیولە و هێرشکردنە سەر کابینەکە و تەنانەت حکومەتی عێراقی فیدراڵی کە وا پێویست بوو بودجەی پێویستی بۆ ئەم پرۆژانە تەرخان بکردایە، ئەوەتا نۆژەنکردنەوە و هەموو خەرجییەکانی بەنداوە گەورەکانیش کە زۆربەی هەرە زۆری بە ڕێژەی ٨٠٪ی سوودی ئاوەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی فیدراڵە، کەچی لەوەشدا خۆیان دزیوەتەوە و چەندین جار ڕێکەوتن بۆ تەرخانکردنی پارەیەکی کەمی سیانە کراوە، ئەوەشیان نەناردووە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین کاری مەزن و ستراتیژی ئەنجام دراون و وا بڕوات ئێمە لە ئیدارەدانی قەیرانی ئاو نەك هەر سەرکەوتوو دەبین، بەڵکو

١٩٠






پێ دەنێینە قۆناغی بەرەو چارەسەرکردنی بنەڕەتیی کێشەکەوە. ئاوی ژێر زەوی بە کاریگەریی وشکەساڵی و گۆڕانکاریی کەشوهەوا و گۆڕانکاری لە ڕیتمی بارانبارین و زیاد لە پێویست بەکارهێنانی مەترسییەکی گەورەی لەسەرە، هەر ئەمەش بوو لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە کردار سنوورێك بۆ بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی دانرا و ئێستا زیاتر ڕوو لە سوودوەرگرتن لە ئاوی سەر زەوی دەکەین. لە داهاتوودا کاریگەریی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئەو ژمارە زۆرەی بەنداو و پۆند و پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە بە سوودوەرگرتن لەئاوی زێیەکان دەبینین. تەنانەت دەتوانین ڕووبەڕووی ئەو پلان و پرۆژانەی هەر دوو وڵاتی تورکیا و ئێران ببینەوە، کە ئیستغلالی دۆخی عێراقیان کردووە و ئاستی ئاوی دیجلە و فوراتیان بۆ ئاستێکی پێوانەیی دابەزاندووە، بێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ دراوسێتی و لایەنی مرۆیی و یاسای نێودەوڵەتی بکەن. بە شێوەیەکی گشتی هەرچی بەرنامەی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پلانەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی گیراوەتەبەر، هەندێك لەو پلان و بەرنامانە کورتخایەن و هەندێکی مامناوەند و هەندێکیشی درێژخایەنن. بە هۆی قەیرانی دارایی و بڕین و کەمبوونەوەی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتیی عێراق بۆ کەمترین ئاست، ناتوانین ئەم پلان و بەرنامە و پڕۆژانە لە ڕووی پراکتیکییەوە هەمووی جێبەجێ بکەین. بەتایبەتی لە ڕووی دروستکردنی بەنداو، کە ناکرێت چیتر هەرێمی کوردستان بێبەش بێت لەو سامانە ئاوییەی کە هەیەتی. کەمبوونەوەی ئاو بابەتێکی حەتمییە و لە دوای ساڵی ٢٠٣٠ قۆناغێکی نوێی وشکێتی دەست پێ دەکات، ئەگەر تا ٢٠٥٠ گرنگی بە ئاسایشی ئاو بدەین، ئەوا دەکرێت کۆنترۆڵی دۆخەکە بکەین و کاریگەرییەکانی ئەو مەترسییە لە سەرمان کەم ببێتەوە.



١٩٠

لیستی پارتی
دیموکراتی کوردستان

# ئێمە خەڵکی هەولێرین،
# هەر پارتی هەڵدەبژێرین



لیستی پارتی
دیموکراتی کوردستان

**١٩٠**

# خەڵکی هەولێر
# دوێنێ و ئەمڕۆی لەبەرچاوە،
# بۆیە دەنگ بە پارتی دەدەن



# ١٩٠




١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان
کاندیدی ژمارە
١
ئارامی و ئاڤەدانی
پێکڤەیی و خوراگری
د. ئیبراهیم شەرەفانی


١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان
کاندیدی ژمارە
٢
ئارامی و ئاڤەدانی
پێکڤەیی و خوراگری
ئیسماعیل حمو کەمەکی


١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان
کاندیدی ژمارە
٣
ئارامی و ئاڤەدانی
پێکڤەیی و خوراگری
ئەیوب وەیسی سورچی

١٩٠










**ئەندازیار ڕێبین ئەحمەد حەوێز**

بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکانی هەولێر بۆ گوڵان:

# ئەمساڵ بۆ سێ پارکی نوێ زیاتر لە (٢٢) ملیار دینار تەرخان کراوە

---

**لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا بۆ ئاودانی دارەکان بە تانکەر (١٧) ملیار و (٥٠٠) ملیۆن دینار خەرج کراوە**

---

**لە کابینەی نۆیەم بە سەرۆکایەتیی ڕێزدار مسرور بارزانی کە دروشم و کارنامەکەی بە هەموو شێوەیەک جەختی لە خزمەتگوزاری و خۆشکردنی گوزەرانی خەڵک کردووەتەوە، بەردەوام پێداگری لەسەر چاککردن و پاراستنی ژینگە کراوە**

---

**لەسەر ڕاسپاردەی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان زیاتر گرنگی بەو گەڕەک و شوێنانە دراوە کە گوزەرانی خەڵکەکەی مامناوەند و کەمدەرامەتن**

---

**بە هۆی ئیرادەی خۆڕاگری جەنابی سەرۆک وەزیرانی کوردستان دروستکردنی پشتێنەیەکی سەوزایی لە چوار دەوری هەولێر دەبێتە واقیعێکی بەڵگەنەویست لە چوار ساڵی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو پڕۆژەیەش جێبەجێ دەکرێت**

١٩٠

**بۆ هەموو لایەك دیار و ئاشكرایە ڕێژەی سەوزایی هۆكاری سەرەكییە بۆ پاراستنی ژینگە و كەشوهەوا، بۆ ئەوەی بزانین لە كابینەی نۆیەمدا لە پایتەختی كوردستان لەو بوارەدا چی كراوە و تا چەند ڕێژەی سەوزایی زیادی كردووە، گۆڤاری گوڵان دیدارێكی لەگەڵ ئەندازیار ڕێبین ئەحمەد حوێز بەڕێوەبەری ئەندازەی پاركەكانی هەولێر ئەنجام دا.**

---

*** ئایا ڕێژەی سەوزایی لە شاری هەولێر چەندە و لە كابینەی نۆیەم تا چەند گرنگی بە چاندنی دار و درەخت و زیادكردنی پانتایی سەوزایی دراوە؟**

- لە كابینەی نۆیەم سەرەڕای ئەو قەیرانانەی كە هەندێكی سرووشتی بوون و هەشیانبوو دەستكرد بوون، بەتایبەتی بڕینی بودجە و مووچە لەلایەن حكومەتی فیدراڵیی عێراقەوە كە كاریگەریی زۆری لەسەر هەموو سێكتەرەكانی خزمەتگوزاریی لە هەرێمی كوردستان دروست كرد، بەتایبەتی لەسەر زیادكردنی ڕێژەی سەوزایی كاریگەریی هەبوو، بەڵام لە كابینەی نۆیەم بە سەرۆكایەتیی ڕێزدار مسرور بارزانی كە دروشم و كارنامەكەی بە هەموو شێوەیەك جەختی لە خزمەتگوزاری و خۆشكردنی گوزەرانی خەڵك كردووەتەوە، بەردەوام پێداگری لەسەر چاككردن و پاراستنی ژینگە كراوە، بۆ ئەم مەبەستەش لەلایەن سەرۆكی حكومەت و لایەنی پەیوەندیدار كار و هەوڵیان بۆ ئەوە بووە كە سەرەڕای ئەوەی ئەو سەوزاییەی هەیە بیپارێزین و ڕێژەی سەوزاییش بە پێوەری ڕووبەر (٢,٥٪) زیاد بكەین، بەمەش ڕێژەی سەوزایی لە هەولێر پێشتر (١٧,٥٪) بوو، بەڵام لە كابینەی نۆیەمدا بووەتە (٢٠٪)، ئەم زیادبوونەش دەگەڕێتەوە بۆ دروستكردنی چەندین باخچە و پارك و نۆژەنكردنەوەی ژمارەیەك باخ لە ناو شار و گەڕەكەكانی شاری هەولێر، لە وەرزی دارچاندنیشدا چەندین هەڵمەتی چاندنی دار و درەخت و نەمام ئەنجام دراون، بەتایبەتی لە ڕێگاكانی سەرەكی و ئەو گەڕەكانەی تازە دروست كراون.

*** وەكو ئاماژەت پێكرد، بە هۆی دروستكردنی پاركی نوێ و نۆژەنكردنەوەیان ژمارەیەك پارك و باخچە و چاندنی چەندین هەزار دارودرەخت لە ناو سنووری شارەوانی هەولێردا كە بووەتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی سەوزایی، ئایا ئەو پاك و باخچانە كامانەن كە تازە دروست كراون و نۆژەن كراونەتەوە؟**

- ئەمساڵ لەسەر بودجەی تایبەتیی نووسینگەی جەنابی سەرۆكی حكومەتی كوردستان بڕی پارەی پێویست تەرخان كرا بۆ سێ پاركی بەرفراوان لە سنووری سەرۆكایەتیی شارەوانی هەولێر، كە پاركێكیان تەواو بووە و هەموو قۆناغەكانی جێبەجێ كراوە و خەڵك و هاووڵاتیان سوودی لێوەردەگرن، ئەویش پاركی (١٥٠) مەترییە كە دەكەوێتە یەكتربڕی شەقامی سەرەكیی (هەولێر – پیرمام) و شەقامی (١٥٠)ی خێرا، كە بڕی (٣) ملیار و (٧٠٠)ملیۆن دیناری بۆ تەخان كرا. هەروەها بەردی بناغەی پاركی ڕەشكین دانرا، بە ئامادەبوونی جەنابی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و پارێزگار كە گوژمەی ئەو پاركەش (١٥) ملیار دینارە و ئێستا قۆناغی یەكەمی ئەو پاركە دەستی پێكردووە و پاركی سێیەم كە هەر لەسەر بودجەی تایبەتیی نووسینگەی جەنابی سەرۆكی حكومەتە، ئەو پاركەش دەكەوێتە یەكتربڕی شەقامی (هەولێر – مووسڵ) و شەقامی خێرای (١٢٠) مەتری كە بڕی (٣) ملیار و (٤٠)ملیۆن دیناری









١٩٠

بۆ تەرخان کراوە و بەردی بناغەشی بۆ دانراوە، لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا جێبەجێکردنی دەست پێدەکات، ئەو سێ پارکە جگە لەوەی هۆکارێکن بۆ زیادبوونی ڕێژەی سەوزایی، جوانییەکی زۆر بە شەقامە سەرەکی و دەروازەکانی شاری هەولێر دەدات.

*** ئایا لە هەڵمەتەکانی دارچاندن و زیادکردنی سەوزایی، نەمام و دارودرەخت لە دەرەوەی وڵات دەهێنن، یان ڕێگاچارەی دیکە لەو کابینەیەدا دۆزراوەتەوە؟**

- بە هۆی قەیرانی دارایی لە کابینەی نۆیەمدا نەتوانرا دارودرەخت و نەمام لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بهێنین، بۆیە بۆ دابینکردنی پێداویستیی ناوخۆی شاری هەولێر و گەڕەکەکان و هەموو دورگە ناوەندییەکان و زیادکردنی دارودرەخت لە شەقامە سەرەکییەکانی شاری هەولێر و باخچەکان، نەمامگەیەکمان هەبوو، زیاتر بەرفراوان و گەورەترمان کرد، دوو نەمامگەی تازەشمان دروست کرد و لە ڕێگای ئەو نەمگەیانەوە ساڵانە سەد هەزار دار و نەمام بەرهەم دەهێنین، لەگەڵ سەدا هەزار گوڵی جۆراوجۆر، بەبێ ئەوەی خەرجی زۆری پێویست بێت، جگە لە کڕینی نایلۆنەکان و خۆڕ و لمەکەی ئەو نەمام و گوڵانەش کە لە نەمامگەکان بەرهەم دێت، گونجاون لەگەڵ کەشوهەوای شاری هەولێر، چونکە هەولێر ڕێژەی شێی کەمە و لە هاوینیشدا پلەی گەرمای دەگاتە (٥٠) پلە و لە وەرزی زستانانیش پلەی گەرمای نزیك دەبێتەوە لە سفر کە هەموو داردودرەخت و نەمام و گوڵێك بەرگەی ئەو جۆرە کەشوهەوایە ناگرن.

*** لەو کابینەیەدا چیتان بۆ گەڕەکە تازەکان و شەقام و دوورگە ناوەندییەکان کردووە؟**

- لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەی تەمەنی کابینەی نۆیەمەوە توانیومانە ئەو گەڕەکە تازەیانەی لە سنووری سەرۆکایەتیی شارەوانی هەولێر دروست دەکرێن، سەوزایی بۆ بکەین. هەر بۆ نموونە تەنیا لە شەقامی هەولێر- مەخموور لە سەد مەتری تاوەکو مامزاوە (٦٠) هەزار دارودرەخت و نەمام چێندراون، کە لە ئێستادا هەموو ئەو نەمام و درەختانەی چاندوومانن لەو شەقامە سەوز و گەورە بوون و لە هەڵمەتێکیش بۆ شەقامی ئیسکان کە درێژییەکەی زۆر نییە لە ماوەی ڕابردوو زیاتر لە (١٠٠) نەمام و درەختمان لە جۆری لبیزیا چاندووە و لە دوورگەی ناوەندی ڕەشکینیش (٣٥٠) دار و نەمام چاندران.

*** ئاماژەت بەوە دا کە چەندین باخچە و پارکتان نۆژەن کردووتەوە. ئایا ئەو شوێنانە کەوتوونەتە چ گەڕەك و شوێنێکی شاری هەولێر؟**

- هەموو باخچە و پارکێك لەبەر ئەوەی بەردەوام هاووڵاتیان سەردانی دەکەن، دەبێت لە ماوەی دە ساڵ بەلایەنی کەمە نۆژەن بکرێنەوە. لەم ڕوانگەیەوە لە کابینەی نۆیەمدا لەسەر بودجەی پێشینەی بەردەوامی بەڕێوەبەرایەتیی ئەندازەی پارکەکان هەڵمەتێکی گەورە و باشمان بۆ نۆژەنکردنەوەی چەندین باخچە و پارك ئەنجام دا، لەو پارکانەش وەکو پارکی شاندەر و منارە و قوتابیان و گڵکەند و بادوان و کانی و پارکی شار و پێشمەرگە و چەندین پارکی دیکە ئەو نۆژەنکردنەوەیانەش تەنیا چاندنی دارودەرەخت نەبوون، بەڵکو هەموو ئەو پارکانە نۆژەن کراونەتەوە، گڵۆپی ڕووناك کردنەوە و بلاجکتۆرەکانیان بۆ تازە کراوەتەوە، هاوکات هەر پارکێك شوێنی (WC) هەبوبێت، ئەوە هەموو پێداویستییەکانیان هەر لە پرۆژەی ئاو و دەستشۆر و کارەبایان بۆ دابین کراوە. هاوکات هەر لەسەر بودجەی پێشنەی بەڕێوەبەرایەتیمان هەر نافورەیەك لە هەر شوێن و باخچە و پارکێکدا بێت، تورمپای نوێیان بۆ دانراوە بە جوانترین و باشترین کەلوپەل نۆژەن کراونەتەوە، لەوانە وەك نموونە نافورەکانی پارکی شار و لەمەودوا پلان و بەرنامەمان داناوە کە باخچەی ناو گەڕەکەکان بە باشترین و جوانترین شێوە نۆژەنیان










١٩٠



بکەینەوە. دەبێت ئەوەش لەبیر نەکەین لە نۆژەنکردنەوەی پارك و باخچەکان جگە لەوەی هەر درەختێك شکابێت، ئەوە شوێنەکەی بە درەختێکی تازەی گونجاو پڕ کراوەتەوە و بە دەیان دەرخت و نەمامی تازەشمان بۆیان چاندووە. هەروەها هەر شەقامێکی تازە لە ناو شاری هەولێر و گەڕەکەکان دروست بکرێت، بۆ نموونە ئەو شەقامە هاوچەرخەی بۆ هەشتی حەسارۆك کراوە، زیاتر لە سێ هەزار دراودرەخت و نەمامان تێدا چاندووە. هەروەها ساڵی پار ئەو کەندەی کە ناوی لێ نراوە (کۆڕنیش) لە هەموو زبڵ و پاشماوەکان پاکمان کردەوە و ژمارەیەکی زۆریش دارودرەختمان لێ چاند، ئەمساڵیش ژمارەیەکی زۆری نەمام و درەختمان هەر لە کۆڕنیش چاند، کە دیمەنێکی جوانی بۆ سنووری گەڕەکەکانی نزیکی دروست کردووە. بە شێوەیەکی گشتی لە کابینەی نۆیەم بەتایبەتی لە دوو ساڵی ڕابردوو توانراوە (١٢٠) شوێن لە گەڕەك و شەقامەکانی ناوخۆ و دەرەوەی شارەکان بە چاندنی داورەخت سەوزایی بۆ بکەین. هاوکات ئەمساڵ لە پارکی هەوار کە دەکەوێتە سەر شەقامی سەرەکی کە بۆ بنەسڵاوە دەچێت، هەڵمەتێکی گەورە و بەرفراوان ئەنجام درا، بە نۆژەنکردنەوە و چاککردنی گڵۆپی ڕووناك کردنەوە و شەش هەزار دارودرەختی تازەمان لێی چاند، لەساڵی پاریش ژمارەیەکی زۆری نەمام و درەخت هەر لە پارکی هەوار چاندران، کە ئێستا وەکو دارستانێك دەردەکەوێت. هەروەها لە ئێستادا پارکێك لە گەڕەکی ژیان دروست دەکرێت بە بڕی (١) ملیار و (٥٠) ملیۆن دینار لەسەر ڕووبەری (١٨) هەزار مەتر دووجا، ئەم پارکە لە گەڕەکێکە کە پێشتر دەوترا خزمەتگوزاری نییە، ئەگەرچی لە کابینەی نۆیەم هەموو خزمەتگوزارییەکانی بۆ دابین کرا و ئەو پارکە گەورە و جوانەشی بۆ دروست دەکرێت. بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ڕاسپاردەی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم زیاتر گرنگی بەو گەڕەك و شوێنانە دراوە کە گوزەرانی خەڵکەکەی چینی مامناوەند و کەمدەرامەتن. هاوکات پلان و بەرنامە بۆ چەند پارکێکی دیکە لە ناو شاری هەولێر هەیە کە یەکێکیان وەك نموونە لە پێنجی حەسارۆکە و دروستکردنی پارکێکیش لە باشووری شاری هەولێر لەناو ئەو پلانەدایە.










١٩٠


















*** ئاودانی ئەو هەموو پارك و باخچە و دورگە ناوەندی و دارودەرختەی لە سنووری سەرۆكایەتیی شارەوانی چۆن ئەنجام دەدرێت؟**

- ئاودانی هەموو سەوزاییەكان بە دوو ڕێگا دەكرێت، كە نیوەی بە ئاوی ژێرزەوی دەكرێت لە ڕێگای ئیریگەیشن كە سیستمێكی دڵۆپاندنە لەو پرۆژە دانراون وەكو دوورگەی ناوەندی (٦٠) مەتری و (١٠٠) مەتری و چەندین شوێنی دیكە و، نیوەكەی دیكە لە ڕێگای تەنكەرەوە ئاودانیان بۆ دەكرێت، كە تەنكەری ئاودانی دارەكان ساڵانە بڕی سێ ملیار و (٥٠٠) ملیۆن دیناری تێچووی هەیە. واتە لەو پێنج ساڵەی تەمەنی كابینەی نۆیەمدا تەنیا بۆ ئاودانی دارەكان لە ڕێگای تەنكەرەكانەوە (١٧) ملیار و (٥٠٠) ملیۆن دیناری بۆ خەرج كراوە. ئێمە ئومێد دەخوازین چۆن كێشەی ئاوی خواردنەوەی شاری هەولێر لە ڕێگای پرۆژەیەكی ستراتیژیی فریاگوزاریی خێرا بۆ ماوەی چەندین ساڵ چارەسەر دەكرێت، ئەوهاش لەگەڵ ئەو پرۆژەی فریاگوزارییەی هەولێر بۆڕییەك بە قەبارە گونجاو لەو ئاوە بۆ ئاودانی باخچە و پارك و سەوزایی شاری هەولێر دابین بكرێت، تاوەكو ئەو (٧٦) بیرەی هەمانە دایانبخەین.

*** پشتێنەی سەوزایی دەوری شاری هەولێر بە چی گەیشتووە؟**

- لەگەڵ ماستەرپلانی هەولێر، ڕەچاوی ئەوە كراوە كە پشتێنەیەكی سەوزایی لە چوار دەوری شارەكە دروست بكرێت. ئەو پرۆژەیە كار و پلانی باشی لەسەر كراوە، كە پرۆژەیەكی زۆر گەورەیە و پێویستی بە بودجەیەكی یەكجار زۆرە كە پشتێنەكە بە تیرەی (٧٧) كیلۆمەتر بە هەر چوار دەوری هەولێر دەسوورێتەوە و پانییەكەی دوو كیلۆمەترە و لە ئێستادا دەبێت دیزاین و دەرختەی تازەی بۆ بكرێت، چونكە شاری هەولێر بەراورد لەگەڵ پێش دە ساڵ زۆر بەرفراوانتر بووە. هاووڵاتییان دڵنیا دەكەمەوە، لەوەی بە هۆی ئیرادەی خۆڕاگری جەنابی سەرۆك وەزیرانی كوردستان درووستكردنی پشتێنەیەكی سەوزایی لە چوار دەوری هەولێر دەبێتە واقیعێكی بەڵگەنەویست لە چوار ساڵی داهاتووی حكومەتی هەرێمی كوردستان و ئەو پرۆژەیەش جێبەجێ دەكرێت.

# ١٩٠




١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان
کاندیدا ژمارە
١٩
ئارامی و ئاڤەدانی
پێکڤەیی و خوراگری
دلڤین شمال ئاکرەیی


١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان
کاندیدێ ژمارە
٢٠
ئارامی و ئاڤەدانی
پێکڤەیی و خوراگری
راستی عبدالعزیز دۆسکی


١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان
کاندیدێ ژمارە
٢١
ئارامی و ئاڤەدانی
پێکڤەیی و خوراگری
مامۆستا رمضان گەرزە گۆران

١٩٠










**خەلیل مەحموود**

**قایمقامی شارۆچکەی سێمێل بۆ گوڵان :**

# لە کابینەی نۆیەمدا لە شارۆچکەی سێمێل و سنوورەکەی نزیکەی ٢٥٠ پڕۆژە بە تێچووی ٢٤٠ ملیار دینار جێبەجێ کراون

**پڕۆژەی ئاوی فایدە کە تەواو بووە و لە خزمەتی هاووڵاتیاندایە ٣٣ ملیار دیناری بۆ خەرج کراوە**

**لە سێکتەری کارەبادا لە تەمەنی کابینەی نۆیەم زیاتر لە حەوت ملیار دینار خەرج کراوە**

**لە کابینەی نۆیەمدا تەنیا لە کەرتی پەروەردە نزیکەی ١٢ ملیار دینار خەرج کراوە**

شارۆچکەی سێمێل سنوورێکی بەرفراوانی هەیە، کە لە ئێستادا دوو شارەدێ لە سنوورەکەیدا هەیە و لە ئەنجومەنی وەزیرانیش ڕەزامەندیی دراوە کە سێ شارەدێی دیکە وەکو «فایدە و شاریا و سێریکێ» بخرێنە سەر سێمێل کە (١٣٧) گوند لەخۆ دەگرێت و ژمارەی دانیشتووانەکەی (٢٢٤) هەزار کەسە و ١٣٠ هەزار ئاوارەش لە سنوورەکەیدا نیشتەجێن، لە ڕووی پێکهاتەشەوە لەڕووی نەتەوەییەوە عەرەبی ڕەسەن لەو سنوورە هەن و لە ڕووی ئایینییشەوە چەندین ئایین و ئاینزا وەکو «ئێزدی و ئیسلام و مەسیحی» بەیەکەوە دەژین، لەسەر ئەم پرسە و پڕۆژەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شارۆچکەی سێمێل، گۆڤاری گوڵان دیارێکی لەگەڵ خەلیل مەحموود قایمقامی شارۆچکەی سێمێل ئەنجام دا.



*** ئایا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی کابینەکەیدا سەردانی شارۆچکەی سێمێلی کردووە؟ ئەگەر سەردانی کردووە، چ کار و پڕۆژەیەك جێبەجێ کراوە و چ بەڵێنێکیشی پێداون؟**

- لە ساڵی ٢٠٢١ کە ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان سەردانی فڕۆکەخانەی دهۆکی کرد، ئێمە و خەڵکی سنووری سێمێل داواکاریمان گەیاندە جەنابیان، کە سەردانی ئەو شارۆچکەیە بکات، تاوەکو هەموو کەموکوڕییەکانی خزمەتگوزاری و ئەو پڕۆژانەی کە پێویستن بیگەیەنینە جەنابیان، بە خۆشحاڵییەوە دڵی هەموو لایەکمانی خۆش کرد و سەردانی کردین، لە سەردانەکەیدا کێشە و گرفتە جۆراوجۆرەکانی خزمەتگوزاریمان بە گرفتی ئاوارەکانیشەوە گەیاندە لای جەنابیان، لەلای خۆیەوە بەڵێنی پێداین کە بەپێی ئەولەوییەت و پێویستی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی ئەو سنوورە چارەسەر دەکات. هەر بۆیە ئەو سەردانەی جەنابیان بۆ ناوچە و سنوورەکە بووە هۆکاری ئەوەی کە ئێستا سێمێل ئاوەدانی و گەشەیەکی زۆری پێوە دیار بێت و زۆربەی کێشە و گرفتەکانیش چارەسەر کراون، بە شێوەیەکی گشتی لە تەمەنی کابینەی نۆیەمدا ٢٥٠ پڕۆژە لە سێکتەرە جیاجیاکاندا بە گۆژمەی نزیکەی ٢٤٠ ملیار دینار جێبەجێ کراون.

١٩٠









گوڵان

١٩٠












*** لە سەنتەری شارۆچکەی سێمێل کێشەی ئاوتان هەیە؟ ئەو پڕۆژانە چین کە لەو کابینەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەو بوارەدا جێبەجێ کراون؟**

- لە سەرەتای کابینەی نۆیەم لە ساڵی ٢٠٢٠ بە لێدانی بیر و دروستکردنی کۆگای گلدانەوەی ئاو و ڕاکێشانی تۆڕی ئاوچوار پڕۆژە بە گوژمەی ١٤٧ ملیۆن دینار جێبەجێ کراون. لە ساڵی ٢٠٢١ بە هەمان شێوە چوار پڕۆژە لە سێتکەری ئاوی خواردنەوە بە گوژمەی ١٧٠ ملیۆن دینار ئەنجام درا و لە ساڵی ٢٠٢٢ هەشت پڕۆژە لە سێکتەری ئاوی خواردنەوە بە گوژمەی یەك ملیار و ٣٩٠ ملیۆن دینار و لە ساڵی ٢٠٢٣ دیسان نۆ پڕۆژەی دیکە بە گوژمەی یەك ملیار و ٧٦٥ ملیۆن دینار جێبەجێ کراون. هەروەها لە ساڵی ٢٠٢٤ لە شارۆچکەی سێمێل چەند پڕۆژەی دیکە لە کەرتی ئاو ئەنجام دراون بە گوژمەی ٩٥٧ ملیۆن دینار، چەند ڕۆژێك پێش ئێستا بەردی بناغەی پڕۆژەیەکی ئاوی خواردنەوەی ستراتیژیمان داناوە بە گوژمەی چوار ملیار و ٦٧٦ ملیۆن دینارە، ئەو پڕۆژە بەرفراوانە لە قۆناغی یەکەمدا ئاوی خواردنەوە بۆ ناحیەی خانکێ دابین دەکات و لە قۆناغی دووەمدا پڕۆژەکە بەرفراوانتر دەبێت، کە ئاوی خواردنەوە بە سەنتەری شارۆچکەی سێمێل دەدات کە لە ئاوی بەنداوی مووسڵ سوود وەردەگرێت، بە تەواوبوونی ئەو پڕۆژە ستراتیژییە شارۆچکەی سێمێل

١٩٠

هیچ کێشەی ئاوی خواردنەوەی نامێنێت و زۆربەی بیرە ئیرتوازییەکان کە لە ئێستا کار دەکەن، دادەخرێن و ئیشمان پێیان نامێنێت، هەروەها پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی فایدە تەواو بووە و لە خزمەتی هاووڵاتیاندایە کە ٣٣ ملیار دیناری تێدا خەرج کراوە .

*** ئایا لە کابینەی نۆیەمدا تا چەند گرنگی بە ڕێگەوبان و قیرتاوکردنی شەقام و کۆڵانی ناو گەڕەك و تۆڕی ڕێگەی گوندەکان لە ناوچەکە دراوە؟**

- ژمارەیەکی زۆر پرۆژە جێبەجێ کراون، بەتایبەتی ئەو پرۆژانەی کە لە ساڵانی پێشوو لە ٢٠١٣ و ٢٠١٤ ڕاوەستابوون، لەم کابینەیەدا کارکردن تێیاندا دەستی پێکردەوە و زۆربەشیان تەواو بوون، چەندین پرۆژە بە نزکەی ١٨ پرۆژەیە کە چوار پرۆژەیان زۆر گرنگن و بە گوژمەی ٤٦ ملیار و ٧٦١ ملیۆن دینار جێبەجێ کراون، شەش پرۆژەی دیکەشمان هەیە کە هی ساڵانی پێش کابینەی نۆیەمە و لەم کابینەیەدا جێبەجێ کراون. بۆ نموونە لەو پرۆژانە ڕێگەی نێوان شارۆچکەی سێمێل و زاخۆ کە ئێستا لە خزمەتی هاووڵاتیاندایە، هەروەها ١٧ پرۆژەی دیکەی ڕێگەوبانمان هەیە، وەك ڕێگەی شاریا بۆ زاوا کە درێژییەکەی شەش کیلۆمەترە و گوژمەی دوو ملیار و ٣٦٠ ملیۆن دیناری تێدا خەرج کراوە. پرۆژەیەکی دیکە ڕێگەی ئاڵوکە - بەدریکێ، کە نۆژەنکردنەوەی ڕێگەیەکە بە گوژمەی حەوت ملیار و ٣٣٠ ملیۆن دینار و پرۆژەی ڕێگەی زلکا - تەناهی کە دوو سایدە و درێژییەکەی لە دوو کیلۆمەتر زیاترە، ئەویش بوودجەی بۆ تەرخان کراوە کە زیاتر لەهەشت ملیار دینارە .

*** لە کەرتی پەروەردەدا کێشەتان هەیە و ئەو پرۆژانەش چین کە کێشە و گرفتی خوێندنی پێ چارەسەر کراوە؟**

- لە ساڵی ٢٠٢٠ لە سێتکەری پەروەردە ١٢ پرۆژە هەبوون کە پێنج قوتابخانە بەرفراوان کراون، واتە (زیادکردنی پۆلی خوێندن) و حەوت قوتابخانەش نۆژەن کراونەتەوە لە شارۆچکەی سێمێل، کە ئەو پرۆژانە بە گشتی گوژمەی ٢٦٥ ملیۆن دیناریان بۆ خەرج کراوە، ١٦پرۆژەمان لە ساڵی ٢٠٢١ هەبوو لە بەرفراوانکردنی قوتابخانە و نۆژەنکردنەوەی چەند قوتابخانەیەك، ئەو پارەیەی بۆ ئەو پرۆژانەش تەرخان کراوە، نزیکەی ١٢٥ ملیۆن دینارە و لە ساڵی ٢٠٢٢ ئێمە ٢٤ پرۆژەمان هەبووە کە ١٩٠ ملیۆن دیناری بۆ دابین کراوە. لە ساڵی ٢٠٢٣ لە کەرتی پەروەردە ٤٤ پرۆژە بە گوژمەی دوو ملیار و٨٥٠ ملیۆن دینار جێبەجێ کراون، هەروەها ١٩ پرۆژە لە ساڵی ٢٠٢٤ هەیە کە دوو لەو پرۆژانە کە یەکێکیان دروستکردنی قوتابخانەیەکی ١٨پۆلییە و دووەم پرۆژەش دروستکردنی باخچەیەکی ساوایانە، لە پرۆژەکاندا نۆژەنکردنەوەی ١٣ قوتابخانەکانە و چوار پرۆژەشیان زیادکردن و بەرفراوانکردنی بینایەی قوتابخانەیە بە پۆلی خوێندن، ئەمساڵیش ١٩ پرۆژە هەیە کە هەشت ملیار و٢٧٠ ملیۆن دیناری بۆ خەرج کراوە، هەموو گوندەکانی سنوورەکەش قوتابخانەیان هەیە. بە شێوەیەکی گشتی لە کابینەی نۆیەم لە کەرتی پەروەردەدا ١١٥ پرۆژەمان هەبووە کە بوودجەکەیان بە تێکڕای دەکاتە ١١ ملیار و ملیۆن دینار، بە هۆی ئەو پرۆژانەشەوە کەمترین کێشەی پۆل و سێکتەری پەروەردە لە شارۆچکە و سنوورەکەدا هەیە .

*** لە سێکتەری تەندروستی لە چ ئاستێکدان و ئایا نەخۆشخانەی قەرەویلەییتان هەیە؟**

- لە سەنتەری شارۆچکەکە و ناحییەکانی و هەموو سنوورەکە ٢١ بنکەی تەندروستی و نەخۆشخانەمان هەیە، پرۆژەیەکی نەخۆشخانەی فریاکەوتن بۆ شارۆچکەی سێمێل هەیە کە لە ساڵی ٢٠١٣ بڕیار بوو دروست بکرێت، کە گوژمەکەی ١٠٨ ملیار دیناری









١٩٠










بۆ تەرخان کرابوو. لە قۆناغی یەکەمی جێبەجێکردندا قەیرانی دارایی بەسەردا هات و پڕۆژەکە ڕاوەستا، لە ئێستادا دەرفەتی تازەی بۆ کراوە و بۆی هەیە گوژمەکەی بگاتە ١٥٠ ملیار دینار، نەخۆشخانەی منداڵان و لەدایکبوونمان هەیە، نەخۆشخانەیەکی ددان لە سەنتەری شارۆچکەکە هەیە، دەمانەوێت ئاوەدانی بکەینەوە، کە تەنیا لە نۆژەنکردنەوەی بیناکەیدا ٣٤٧ ملیۆن دیناری تێدا خەرج کراوە و لە ئێستادا خەریکین کار بۆ دابینکردنی کەرستە و کەلوپەلی پزیشکی بۆ ئەو نەخۆشخانەیە دابین بکەین. سەرەڕای ئەمانە پێویستمان بە نەخۆشخانەی قەروێڵەیی هەیە، هەر چەندە زۆر نزیکین لە شاری دهۆکەوە، بەڵام هەر پێویستە، چونکە ناوچەکە سنوورێکی بەرفراوانە و ژمارەی دانیشتووانەکەشی زۆرە، ئەمە سەرەڕای بوونی ئاوارەکانیش .

*** لە سێکتەری کارەبادا چی بۆ سەنتەری شارۆچکەکە و سنوورەکەتان کراوە؟**

- لەو کەرتەدا کێشەمان زۆر نییە و لە ساڵی ٢٠٢٠دا نۆ پڕۆژە لە بواری کارەبا لە دانانی محاویلە و ڕاکێشانی تۆڕی نوێ و چەندین کاری دیکە بە گوژمەی ٩٩٧ ملیۆن دینار جێبەجێ کراون و لە ساڵی ٢٠٢١یش ١٢ پڕۆژەمان هەبووە کە یەك ملیار و ٢٥٩ ملیۆن دیناری بۆ دابین کرابوو، هەروەها لە ساڵی ٢٠٢٢ لە کەرتی کارەبا ١٧ پڕۆژەمان هەبوو کە گوژمەی خەرجکراو بۆ ئەو ١٧ پڕۆژەیە دوو ملیار و ٧٣٠ ملیۆن دینار بووە. ١٨ پڕۆژەی جۆراوجۆری کارەبا لە ساڵی ٢٠٢٣دا بە گوژمەی ٨٧٩ ملیۆن دینار جێبەجێ کراون، هەم دیسان لە ساڵی ٢٠٢٤دا لە کەرتی کارەبا (١٧) پڕۆژەی وەکو ڕاکێشانی تۆڕی کارەبا و دانانی محاویلە و چەندین کاری دیکە ئەنجام دراون، کە بڕی یەك ملیار و ٤٩٣ ملیۆن دیناریان بۆ خەرج کراوە. بە شێوەیەکی گشتی لە کابینەی نۆیەمدا بە گوژمەی حەوت ملیار و ١٤٣ ملیۆن دینار لە کەرتی کارەبا ٧٤ پڕۆژەی جۆراوجۆر و پێویست بۆ سنوورەکەمان ئەنجام دراون.

*** وەکو دەزانین ناوچەکەتان بەرفراوانە و لە کەرتی کشتوکاڵدا بەناوبانگە، لەوبارەیەوە چیتان بۆ کراوە؟**

- لەو کەرتەدا کاری ئێمە بە تەنیا نییە، بەڵکو ئێمە هاوکاریی جووتیارانی سنوورەکە دەکەین لە پێداویستیی چاندن و پەینی کیمیایی و بنەتۆدا، سایلۆیەکمان هەیە کە بەرهەمی جووتیاران وەردەگرێت، لەو کەرتەدا وەبەرهێنەران کار و پڕۆژەی باش و زۆریان هەیە، هەر لە بەخێوکردنی مەڕومااڵت و مانگای شیر و حەوزی ماسی و کارگەی دانەوێڵە، هەروەها ئاسانکاری و ڕێگەپێدان بۆ جووتیاران و وەبەرهێنەران کراوە کە بەپێی پێویستی ڕێنماییەکان بیری ئاو بۆ ئاودێری لێ بدەن، سایلۆیەکی دیکەش لە دۆمیز کراوتەوە کە جەنابی سەرۆکی حکومەت کردیەوە، ئێستا پڕۆژەیەکی سایلۆ لە فایدە هەیە بۆ وەرگرتنی گەنمی جووتیاران، بە شێوەیەکی گشتی کەرتی کشتوکاڵ لەم سنوورەدا لە گەشەکردندایە و ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان زۆر جەخت لەو کەرتە دەکاتەوە و بە هەموو جۆرێك ئاسانکاری و پاڵپشتی جووتیاران و بەرهێنەرانی ئەو کەرتە گرنگە دەکات. شارۆچکەی سێمێل باشترین و زۆرترین کارگەی بەرهەمهێنانی مریشك و ماسی هەیە و لەسەر ئاستی هەموو عێراق پێشکەوتووترین شوێنە، گەورەترین کارگەی دانەوێڵە و بەبازاڕکردن لە سنوورەکە لەو کابینەیەدا بە هەوڵ و پاڵپشتی و ڕاسپاردەی ڕێزدار مسرور بارزانی کراوە، کە بەشی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستانیش بەرهەممان هەیە. لەلایەکی دیکەوە ناوچەی پیشەسازیی دهۆك هێنرایە سنووری شارۆچکەی سێمێل لە ناوچەی (ئالوکان) کە لەو ناوچە پیشەسازییەدا باشترین جۆری پیشەسازی لەسەر ئاستی عێراقدا کاری لەسەر دەکرێت.

١٩٠














**نەدیم شەحادە**

بەڕێوەبەری جێبەجێکاری زانکۆی ئەمریکی لوبنانی لە نیویۆرک بۆ گوڵان:

# حزبوڵڵا لە ڕووی سەربازییەوە دۆڕاوە و لە ڕووی سیاسییەوە براوەیە

---

نەدیم شەحادە، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری زانکۆی ئەمریکی لوبنانییە لە نیویۆرك و توێژەری بواری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیایە لە دامەزراوەی چەتەم هاووس. پێشتر بەڕێوەبەری سەنتەر فارێس بووە بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی توفتس. هەروەها بەڕێوەبەری دیراساتی لوبنانی بوو لە زانکۆی ئوکسفۆرد.
گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە هەڵکشانی پەرەسەندنەکانی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و حزبولڵلای لوبنان و شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی هۆکارەکانی ئەم هەڵکشانە و ئەگەری بەرفراوانبوونی ئەم شەڕە و تێوەگلانی دەوڵەتانی هەرێمی، بەتایبەتی ئێران و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

١٩٠

*** ئاشکرایە کە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی لە بارێکی نائارام و ناسەقامگیردایە، هەروەك ئەوەیە کە شەڕی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماس لە کەرتی غەززە بەس نەبن، ئەوەتا ئەم شەڕە هەڵکشانێکی زیاتری بە خۆیەوە بینیوە و ئیسرائیل لە بەرەیەکی دیکەی شەڕەکەوە تێوەگلاوە و چەندین هێرشی چڕی کردووەتەوە سەر پێگەکانی حزبوڵڵا لە نێو وڵاتی لوبنان، ئێوە چۆن لە دۆخەکە دەڕوانن؟**

- بۆچوونی من ئەوەیە کە دەکرا ئەم هەڵکشانە پێشتریش ڕووی بدایە، واتە لە دوای هێرشەکانی بزووتنەوەی حەماسەوە بۆ سەر ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو، بەڵام ڕەنگە مەحاڵ بێت بتوانین دەقاودەق ئەوە دەستنیشان بکەین، کە بۆچی لە ئێستادا ئەمە ڕووی دا، چونکە هەروەك ئاماژەم پێکرد، دەکرا ئەم هەڵکشانە لە هەر کاتێکدا ڕووی بدایە، مەبەستم لە هەر کاتێك لە میانەی ساڵی ڕابردوودایە، بەتایبەتی دوای ئەوەی حزبوڵڵا دەستی کرد بە هێرشکردنە سەر ئیسرائیل، کە ئەوە بوو ئەمینداری گشتیی حزبوڵڵای لوبنان (حەسەن نەسروڵڵا)، ڕایگەیاند کە بەرەیەکی دیکەی شەڕ لە دژی ئیسرائیل دەکەنەوە وەك پاڵپشتی و پشتیوانییەك بۆ کەرتی غەززە.

*** ئەوە ڕاستە کە هەڵکشانێکی لەم چەشنە لە بارگرژی و پێکدادانەکانی نێوان حزبوڵڵای لوبنان و دەوڵەتی ئیسرائیلدا پێشبینی کراو بوون، بەڵام ئایا ڕووداوێکی دیاریکراو، یان پەرەسەندنێکی دیاریکراو هەیە کە بووبێتە هۆی ئەوەی لەم کاتەدا دۆخەکە بەم شێوەیە بتەقێتەوە و ئیسرائیلیش بەو چڕییە دەست بە هێرش و بۆردومانی پێگەکانی حزبوڵڵا لە نێو لوبنان بکات؟**

- دەکرێت کاتی ڕوودانی ئەم هەڵکشانە پەیوەندی بە پرسێکی هەواڵگرییەوە هەبێت، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئەمە پەرەسەندنێك بوو، دەکرا هەر کاتێك ڕووی بدایە.

*** کەواتە ئەمە شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبووو و بە درێژایی ماوەی ڕابردوودا ئەگەرێك بوو کە دەکرا بێتە ئاراوە؟**

- کێشەکە لەوەدایە کە لە ماوەی ڕابردوودا ئەم ئەگەرە، یان ڕوودانی ئەم ئەگەرە باڵی کێشابوو بەسەر بارودۆخەکەدا، چونکە هەمیشە نادڵنیایی و دڵەڕاوکێ هەبوو لەبارەی ئەوەی ئایا گەشت بکرێت بۆ لوبنان، یان نا، واتە ئەوانەی لوبنانیان جێدەهێشت، دڵنیا نەبوون لەوەی دەتوانن بۆی بگەڕێنەوە، هەروەها ئەوانەی دەگەڕانەوە بۆ وڵات، یان دەهاتنە نێو ئەم وڵاتەوە زەمانەتی ئەوەیان نەبوو کە جارێکی دیکە دەتوانن جێی بهێڵن. هەر چۆنێك بێت دەکرێت بڵێین زانینی کاتی ڕوودانەکەی شتێکی ئەستەم بوو.

*** بەڵام ئایا دەکرێت بڵێین کە ئەوەی لە ئارادا بوو بەتایبەتی ئەو دڵەڕاوکێ و نادڵنیاییەی ئاماژەی پێدەکەن، جۆرێك لە حاڵەتی دەروونی خراپی دروست کردبوو، بەتایبەتی لەسەر خەڵکی لوبنان و ئەوانەی گەشتیان بۆ ئەم وڵاتە دەکرد.**

- بەڵێ، دەکرێت بڵێین ئەمە بەشێك بوو لە شەڕێکی دەروونی و دروستکردنی فشاری دەروونی.

*** زۆر باشە، ئەگەر ئێمە نەتوانین بە دڵنیایی تەواوەوە هۆکار و پاڵنەری ئەوە دەستنیشان بکەین، کە بۆچی شەڕەکە لەم کاتەدا بەم شێوەیە بەرەو هەڵکشان چوو و بۆچی نەتوانرا دۆخەکە ئیحتیوا بکرێت. ئایا دەتوانین بزانین کە ئەو هەلومەرجەی هاتووەتە ئاراوە خزمەت بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئیسرائیل، یان حزبوڵڵا دەکەن؟ بە دەربڕینێکی دیکە ئایا هیچ ئامانجێکی بنەڕەتی هەیە کە هەردوو لایان بە هۆی**










١٩٠



**ئەم هەڵکشانەوە بتوانن بەدەستی بهێنن؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە. من بەرژەوەندییەکی ستراتیژیی زۆر گرنگ بۆ حزبوڵڵا و بۆ وڵاتی ئێران دەبینم، مەبەستم ئەوەیە بە هۆی ئەو بارودۆخەی هاتووەتە ئاراوە حزبوڵڵا و ئێران دەبنە ئەو لایەنەی کە دانوستاندن و گفتوگۆکانیان لەگەڵدا دەکرێت، لەبارەی ناوچەکەوە.

*** دەکرێت ئەمە زیاتر ڕوون بکەنەوە، واتە مەبەستتان ئەوەیە کە چیتر لایەنی سەرەکیی گفتوگۆکار بریتی نابێت لە بزووتنەوەی حەماس؟**

- ئێستا کەس ڕووناکاتە ڕامەڵڵا بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ و دانوستاندن، بەڵکو ڕوودەکەنە دەوحە و قاهیرە و بگرە ئەستەنبول بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ بزووتنەوەی حەماسدا گفتوگۆ بکەن. کەواتە حەماس لایەنی گفتوگۆکارە. هەروەها بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆکان لە بارەی لوبنانەوە، ئەوا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەروەها فەڕەنساش گفتوگۆ لەگەڵ حزبوڵڵا ئەنجام دەدەن، نەك لەگەڵ حکومەتی ئەم وڵاتە. هەروەها ئێمە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا گوێمان لە لێدوانەکانی سەرۆکی ئێران مەسعود پزیشکیان بوو، کە پێشنیاری ئەوەی دەکرد، کێشەکانی ناوچەکە چارەسەر بکرێت. ئەمە لە کاتێکدا خودی ئێران ئەم کێشانەی لەم ناوچەیەدا دروست کردووە، ئێستاش دەڵێت با ئەو ئاگرە بکوژێنینەوە کە ئێران خۆی هەڵیگرساندوون. ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپاش بێن و ئەم کارە لەگەڵ ئێراندا بکەن و بیکەنە لایەنی گفتوگۆکار بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ئاماژەیان پێکرا، ئەوا ئێران دەبێتە هێزێکی مەزن لە ناوچەکەدا.

*** کەواتە پێت وایە یەکێك لە ئەگەرەکان ئەوەیە کە لە ئەنجامی هەموو ئەو هەڵکشان و پەرەسەندنانەدا ئێران ببێتە ئەو لایەنەی کە گفتوگۆکانی لەگەڵدا ئەنجام بدرێت.**

- تا ئێستا پێدەچێت بارودۆخەکە بەم ئاراستەیەدا بڕوات.










١٩٠












*** زۆرجار حزبوڵڵای لوبنانی بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە دەوڵەتی لوبنانی کردووەتە بارمتەیەك لە پێناو برەودان بە ئەجێندا و ئامانجەکانی خۆی، بەڵام لە ئێستادا و دوای ئەو گورزە قورسانەی لەم حزبە درا، ئایا چۆن لە ئایندەی پەیوەندییەکانی ئەم حزبە لەگەڵ دەوڵەتی لوبنانی دەڕوانێت؟**

- لە ڕاستیدا خۆیشم هەوڵم داوە کە بیر لەم مەسەلەیە بکەمەوە و بگەمە تێگەیشتنێك لەبارەیەوە. پێم وایە دەبێت لەم بارەیەوە جیاوازییەك بکەین لە نێوان لایەنی سیاسی و لایەنی سەربازی. ئەوەی پەیوەست بێت بە لایەنی سەربازییەوە ئەوا نکۆڵی لەوە ناکرێت، کە حزبوڵڵا گورزی گەورەی لێدراوە، هەر لە تەقاندنەوەی ئامێرەکانی پەیجەرەوە، تا دەگاتە کوشتنی زۆرێك لە سەرکردەکانی لەسەر دەستی ئیسرائیل، هەروەها بە ئامانجکردنی کۆگا و جبەخانەی چەکەکانی، کەواتە دەکرێت بڵێین کە گومان لەوەدا نییە کە لە ڕووی سەربازییەوە تووشی دۆڕان بووە لە شەڕەکەدا، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بڵێین لە ڕووی سیاسییەوە شەڕەکەی بردووەتەوە، چونکە لە ئێستادا هیچ کەسێك لە لوبنان ناتوانێت ئەوە ڕەت بکاتەوە کە ئیسرائیل دوژمنێکی مەترسیدارە بۆ وڵاتی لوبنان، یەکێك لە دەرئەنجامەکانی ئەم حاڵەتەش ئەوەیە کە ئەستەمە بتوانیت لە نێو لوبناندا مشتومڕ لەبارەی شەرعییەتی چەکی حزبوڵڵاوە بکەیت. خاڵێکی دیکە لەم ڕووەوە ئەوەیە کە خودی دروستبوونی حزبوڵڵا بەرجەستە دەبێت لە هاتنەئاراوەی بەرهەڵستکارییەك دژ بە داگیرکارییەك و کاتێکیش ئیسرائیل لە لوبنان کشایەوە، ئەوا بە حزبوڵڵا دەوترێت کە چیتر پێویستمان بە چەکی تۆ نییە. بەڵام ئەوە بوو کە لە ساڵی ٢٠٠٦دا حزبوڵڵا ڕایگەیاند کە ئێمە بەرەی بەرهەڵستکارین و پارێزگاری لە خەڵك دەکەین و پاساوەکەشیان ئەوە بوو کە دەوڵەتی لوبنان توانایەکی لەم چەشنەی نییە. ئەم هێرشەی ئەمجارەی ئیسرائیلیش بووەتە هۆی ئەوەی زۆر زەحمەتە بتوانرێت مشتومڕ لەگەڵ حزبوڵڵا بکرێت و هەوڵی ئەوە بدرێت کە پێی بوترێت هیچ مەترسییەك نەماوە لەلایەن ئیسرائیلەوە.

**١٩٠**

**لیستا پارتی**
**دیموکراتی کوردستان**

# دگەل پارتی
# بەرەف ئەلندەکا گەشتر



لیستا پارتی
دیموکراتی کوردستان

۱۹۰

# دۆهی مە پێکڤە پاراست،
# ئەڤرۆ دێ پێکڤە ئاڤا کەین



١٩٠












### پرۆفیسۆر بێرنارد هەیکەل بۆ گوڵان:

# ئیسرائیل حزبوڵڵای لاواز کردووە بەڵام ناتوانێت لە ناوی ببات

پرۆفیسۆر بێرنارد هەیکەل، بەڕێوەبەری پەیمانگەی دیراساتی هەرێمایەتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخ و پسپۆڕی ڕۆژهەڵاتی نزیکە لە زانکۆی پرینستۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك ئەو بارگرژییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی لە پرسەکانی پەیوەست بە ناسنامەی ئایینی و دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرن، هەروەها بایەخ بە مێژوو و سیاسەتی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی بە دیاریکراوی عەرەبستانی سعودیە دەدات. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، بە تایبەتی لە پەیوەندی بە هەڵکشانی بارگرژییەکانی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنانیەوە، هەروەها ئەگەری پەرەسەندنی زیاتری ئەم شەڕە بەرەو شەڕ و ناکۆکییەکی گەورەی هەرێمایەتی و تێوەگلانی دەوڵەتانی هەرێمی و هێزە گەورەکانی دیکە و، چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

١٩٠










*** ئاشکرایە کە شەڕی نێوان بزووتنەوەی حەماس و دەوڵەتی ئیسرائیل لە کەرتی غەززە لە ساڵێك نزیك دەبێتەوە، ئەم شەڕە هێشتا بەردەوامە و یەکلا نەبووەتەوە، سەرباری ئەوەش شەڕەکە بەرفراوانتر بووە و بەرەیەکی دیکەی گرتووەتەوە، لە ئێستادا ئیسرائیل هەوڵەکانی بۆ هێرشکردنە سەر پێگەکانی حزبوڵڵای لوبنانی چڕ کردووەتەوە، ئێوە چۆن لە ڕەوتی پێشهاتەکانی ئەم هەڵکشانە دەڕوانن و ئایا ترس و دڵەڕاوکێی ئەوە نییە کە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی هەرێمایەتی بەدی بێت؟**

- لە ڕاستیدا بە تێڕوانین لەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت، دەکرێت بڵێین کە دۆخەکە مایەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکی زۆرە، بە تایبەتی لە پەیوەندی بە وڵاتی لوبنانەوە، چونکە ئێمە دەزانین کە دەوڵەتی ئیسرائیل توانای وێرانکردن و خاپورکردنی وڵاتی لوبنانی هەیە و ئەمەشی ڕاگەیاندووە، لەگەڵ ئەوەشدا پێم وانییە ئەم شەڕە بەرفراوانتر ببێت بە چەشنێك کە پەل بکێشێت و بپەڕێتەوە بۆ دەرەوەی لوبنان و، ئێران ڕابکێشرێتە شەڕەکەوە، هەروەها خودی حزبوڵڵا خۆشی خوازیاری ئەوە نییە کە شەڕێکی گەورە و بەربڵاو بێتە ئاراوە و هەڵبگیرسێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئیسرائیل خوازیاری ئەوەیە کە شەڕێکی بەربڵاوی لەم چەشنە بەرپا ببێت یان نا؟.

*** ئەوەی لە هێرش و بۆردومانەکانی ئیسرائیلدا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە تا دەتوانرێت توانا سەربازییەکانی حزبوڵڵا تێك دەشکێنێت، بە تایبەتی کە بینیمان کە ئامێرەکانی پەیوەندیکردنی دەستی ئەندامانی ئەم حزبەی تەقاندەوە و چەندین فەرماندەی سەربازی و مەیدانیی لێ کوشتوون، شرۆڤەی ئێوە چییە لەم بارەیەوە؟**

- ئاشکرایە کە ئیسرائیل بانگەشەی ئەوە دەکات و ڕای دەگەیەنێت کە ئامانجی ئەو بریتییە لە تێکشکاندن و لەناوبردنی حزبوڵڵا، بەڵام من پێم وانییە ئەمە ئەگەرێك بێت و ئەمە کارێکی کردەنی بێت، چونکە ئێمە دەزانین کە حزبوڵڵا بزووتنەوەیەکی سیاسییە، بە چەشنی بزووتنەوەی حەماس، واتە ئیسرائیل دەتوانێت توانا سەربازییەکانی حزبوڵڵا لاواز بکات، بەڵام پێم وانییە بتوانێت تێکی بشکێنێت.

*** لە ئێستادا مەزەندەکان بەرەو ئەوە دەچن کە دوای ئەوەی ئیسرائیل گورزی لە تۆڕی پەیوەندییەکانی حزبوڵڵادا و زۆرێك لە سەرکردە مەیدانییەکانی لە ناوبرد، پاش ئەوەی بۆردومانێکی ئاسمانیی چڕی لە دژی پێگە و جبەخانەکانی چەکی حزبوڵڵا دەستپێکرد، ئەوا هەنگاوی دواتر بریتی دەبێت لە ئەنجامدانی هێرشی زەمینی و دەگوترێت ئامادەکارییشی بۆ کردووە، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- بە مەزەندەی من ئەنجامدانی هێرشی زەمینی لەلایەن سوپای ئیسرائیلەوە بۆ سەر حزبوڵڵا سەرکەوتوو نابێت، واتە هێرشێکی لەم چەشنە هەمان چارەنووسی ئەو سێ داگیرکارییەی پێشووی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنانی ساڵانی ١٩٧٨، ١٩٨٢ و ساڵی ٢٠٠٦ی دەبێت، کە هەموویان تووشی شکستخواردو بوون.

*** کەواتە بە بۆچونی ئێوە نیاز و ئامانجە ڕاستەقینەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل چیین، ئایا دەیەوێت هێرشەکانی حزبوڵڵا «بە تایبەتی هێرشی مووشەکی و فڕۆکەی بیفڕۆکەوان» ڕابگرێت بۆ ئەوەی ئیسرائیلیش بتوانێت هاووڵاتییە ئاوارەبووەکانی باکووری وڵاتەکەی بگەڕێنێتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، یان ئەوەتا ئامانجی دیکەی هەیە؟**

- ئەوە ڕاستە کە تێکڕای پەرەسەندنەکە پەیوەستە بەوەی ئایا نییەت و ئامانجی ئیسرائیل چییە، چونکە ئەگەر ئامانجەکە لاوازکردنی حزبوڵڵا بێت، ئەوا پێم وایە حاڵی حازر ئەم ئامانجە بەدی هاتووە و ئەم حزبە لە ڕووی سەربازییەوە لاواز کراوە، هەرچۆنێك بێت من پێم وانییە ئیسرائیل بتوانێت سەرکەوتنێکی تەواو و یەکجارەکی

١٩٠



بەسەر حزبوڵڵادا بەدەست بهێنێت، هەروەها ڕاستە ئیسرائیل دەیەوێت هاووڵاتییەکانی بگەڕێنێتەوە بۆ باکووری وڵاتەکە، بەڵام گومانم هەیە لەوەی لەمەدا سەرکەوتوو بێت.

*** لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت کە بۆچی لەم کاتەدا دۆخەکە بەم شێوەیە لە نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و حزبوڵڵادا تەقییەوە، چونکە ئێمە دەزانین کە ماوەی ساڵێکە هێرش و دژە هێرش هەبووە لە نێوانیاندا، واتە دەکرا پێشتریش دۆخەکە بەم شێوەیە بەرەو هەڵکشان بچووایە، کەواتە بۆچی لە ئێستادا وای لێهات، ئایا هیچ هۆکارێکی دیاریکراو هەبوو کە ببێتە هۆی ئەوەی ڕەوتی ڕوداوەکان بەم ئاقار و ئاراستەیەدا بڕۆن؟**

- لە ڕاستیدا یەکێك لەو هۆکارانەی کە دەکرێت ئاماژەی پێ بکەن کە بوونە هۆی ئەوەی لە ئێستادا ئەم ڕووداوانە ڕوو بدەن، ئەوەیە کە ئیسرائیل پێی وایە لە کەرتی غەززەدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، واتە ئیسرائیل پێی وایە لە دۆخێکدایە کە دەتوانێت سەرنج و تواناکانی بخاتە سەر بەرەی باکووری وڵاتەکەی، لەلایەکی دیکەوە نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە ئیسرائیل هەمیشە خوازیاری ئەوە بووە کە توانا و ئیمکانییاتی حزبوڵڵا لاواز بکات. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە هەندێ قسە و باس هەبوون لەبارەی ئەوەی کە گوایە حزبوڵڵا لە باری خۆئامادەکردندا بوو بۆ ئەوەی هێرشێکی زەمینی بکات و بەشێك لە خاکی ئیسرائیل داگیر بکات، هەر بۆیە ئیسرائیلیش پەنای بردە بەر ئەوەی هەلومەرجەکە بەم شێوەیە بەرەو هەڵکشان ببات.

*** هەر لە پەیوەندی بە وەڵامەکەتانەوە، ئیسرائیل بانگەشەی ئەوە دەکات کە حزبوڵڵا خۆی ئامادە دەکرد کە هاوشێوەی بزووتنەوەی حەماس هێرش بکات سەر بەشێك لە خاکی ئیسرائیل، واتە ئیسرائیل پێی وایە ئەمە بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەگەری هێرشێکی لەم چەشنە بووە، بەڵام تا چەند پێتان وایە حزبوڵڵا ویستبێتی کارێکی لەم چەشنە بکات و ئایا توانای ئەنجامدانی هێرشێکی لەم چەشنەشی هەبوو؟**










١٩٠



- نەخێر من پێم وانییە ئەم قسەیە ڕاست بێت، چونکە هیچ کاتێك حزبوڵڵا نەیستووە کە لەگەڵ ئیسرائیلدا لە شەڕێکی سەرتاسەری و بەربڵاوەوە تێوەبگلێت، بەڵکو خوازیاری ئەوە بووە کە شەڕەکە لە ئاستێکی سنووردار و تا ڕادەیەکی ڕەمزیدا بمێنێتەوە.

*** بەڵام ئەگەر حزبوڵڵا ویستبێتی شەڕ و ناکۆکییەکە لەگەڵ ئیسرائیلدا لە ئاست و سنوورێکی دیاریکراودا بمێنێتەوە و بەرەو هەڵکشانی زیاتر نەچێت، ئایا دۆخێکی لەم چەشنە چ خزمەتێکی بە حزبوڵڵا دەکرد و چ ئامانجێکی ئەو حزبەی بەدی دەهێنا؟**

- ئێمە دەتوانین بڵێین حزبوڵڵا ئامانجێکی ستراتیژی بەدەست هێنا، چونکە هەلومەرجێکی دروست کرد کە بووە هۆی ئەوەی هاووڵاتییانی ئیسرائیل (نیشتەجێبووانی سەر سنووری نزیك لە لوبنان) ماڵ و حاڵی خۆیان جێبهێڵن، واتە دەکرێت بڵێین ئەمە سەرکەوتنی سەرەکی بوو کە حزبوڵڵا توانی بەدەستی بهێنێت، هەر بۆیە لە ئێستادا ئیسرائیل هەوڵ دەدات کە دۆخەکە پێچەوانە بکاتەوە.

*** زۆر باشە، با پرسیارەکە وردتر بکەینەوە. ئایا ئەم دۆخەی کە لە ئێستادا دروست بووە، هیچ بەرژەوەندی و ئامانجێکی ستراتیژیی حزبوڵڵا و ئیسرائیل بەدی دەهێنێت، ئەگەر وایە ئامانجەکە بۆ حزبوڵڵا چییە و ئیسرائیلیش چی بەدەست هێناوە؟**

- بەڵێ، من پێم وایە ئامانجی ستراتیژی هەیە، بۆ حزبوڵڵا ئەوەیە کە ڕێگە نەدات ئەو هاووڵاتییانەی باکووری ئیسرائیل بگەڕێنەوە سەر شوێنەکانی خۆیان و نەگەڕێنەوە سەر شار و گوندەکانی خۆیان، ئەوەی پەیوەست بێت بە ئیسرائیلەوە، ئەوا پێم وایە ئامانجە ستراتیژییەکە ئەوەیە کە تواناکانی حزبوڵڵای لوبنانی لاواز بکات، هەروەها کارێك بکات کە بوونی حزبوڵڵا لەسەر سنوورەکان دوور بخاتەوە بۆ ئەوەی خەڵکە ئاوارەبووەکەی نێو ئیسرائیل بتوانن بگەڕێنەوە بۆ شار و گوندەکانی خۆیان کە بە هۆی هێرشەکانی حزبوڵڵاوە ناچار بوون جێی بهێڵن.










١٩٠



پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم:

# هەنگاوەکانمان بە کردەیی دەخەینە خزمەت ئەو بەرنامە چڕانەی وەک بەڵێن بەخەڵکمان بەخشیوە


















# هەمیشە ڕووبەڕووی ئەو تەحەدیانە بووینەتەوە کە ویستوویانە یەکڕیزی میللەتەکەمان تێک بدەن و بە فشارەکانیان لە خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان پاشەکشەمان پێ بکەن

**پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم، کاندیدی ژمارە ١١ لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، بازنەی هەولێر و یەکێکە لەو کاندیدە ئافرەتانەی بە متمانەیەکی بەهێز و بە کۆمەڵێك بەرنامە هاوشانی بەرنامە بنەڕەتییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کێبڕکێی سەرکەوتنە بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان. ناوبراو کچی باوکێکی پێشمەرگە و خوشکی شەهید (ئیدریسە) و دوو خوشکی لە پرۆسەی ئەنفالی گەرمیان تاکو ئێستا لە بیابانەکانی نوگرە سەلمان بێسەروشوێنن، مامۆستا پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم، جگە لەوەی بڕوانامەی ماستەری لە مێژوو هەیە، نووسەرێکی دیاریشە لەبواری مێژووی سیاسی. لە دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە پرۆژە و بەرنامەکانی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

*** وەك کاندیدێك لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، گوتار و دروشمتان چییە؟**

- لای خەڵکی کوردستان و نەیار و دۆستی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕوون و ئاشکرایە، دروشم و گوتارمان بەشێکە لە واقیعیەتی کۆمەڵگەکەمان، کە هەڵقوڵاوی خواست و ویست و ئیرادەی میللەتێکە، ئامۆژگاری جەنابی سەرۆك مسعود بارزانییە، بەڵێنێك بە میللەتەکەمان نەدەین کە نەتوانین جێبەجێیێ بکەین، بەردەوام لەو ئاستە دەبین کە ڕەنگدانەوەی واقیعی کوردستان بێت، بە دروشمی (ئارامی و ئاوەدانی، پێکەوەیی و خۆڕاگری) پێشمەرگە ئاسا خۆمان دەخەینە بەردەم ڕای هاووڵاتییانی کوردستان. هەمیشە ڕووبەڕووی ئەو تەحەدیانە بووینەتەوە کە ویستوویانە یەکڕیزی میللەتەکەمان تێك بدەن و بە فشارەکانیان لە خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان پاشەکشەمان پێ بکەن، بەڵام بەوپەڕی ئیرادە و خۆڕاگرییەوە بە پشتیوانی خودا و میللەتەکەمان و بە حەکیمی سیاسەتی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی ئەو قۆناغانەمان کرد بە مێژوویەکی پڕ سەروەری بۆ هەموو کوردستانیان.

*** وەك ئافرەتێك بەرنامەکانی خۆت لە دەرەوەی بەرنامە گشتییەکەی لیستەکەتان، زیاتر کار لەسەر چ بنەمایەك لە خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان دەکەن؟**

- کارنامەی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان و لیستەکەمان ١٩٠ لەسەرجەم کوردستان لە کۆمەڵێك سێکتەر خۆی دەبینێتەوە، ئامانج تێیدا خزمەتکردنی خەڵکی کوردستانە، جەختکردنەوەیە لە سەرجەم کارەکانی پێشووی کابینەکانی حکومەتی کوردستان، دابینکردنی خزمەتگوزاری زیاتر و شایستەبەخشین بە هەموو چین و

١٩٠

تویێژەکان، پرسی ئاوەدانکردنەوە، ئاوڕدانەوەیەکی جیاوازتر لە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، ژیانەوەی ئابووری جیاواز لە پرسی نەوت و سامانە سرووشتییەکان، بەڵکو پیشەسازی و کشتوکاڵ و بەرهەمی ناوخۆیی بکەین بە هەنگاوی ئاییندەییمان بۆ هەمەچەشنکردنی سەرچاوە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان. لە سێکتەرەکانی تەندروستی و پەروەردە و کارەبا و هەموو ئەوانی دیکە هەنگاوەکانی کابینەی ١٠یەم لە خزمەتی ستراتیژییەکی درێژخایەن و کورتخایەن دەبێت.

کۆمەڵێك پرسم لە ئەولەویەتی خۆم داناوە کە هەموویان لە پێناو دەوڵەمەندکردن و خێراتر کردنی پرۆژەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە کابینەی ١٠م، بەتایبەتی لە پرسی گەنجان و ئافرەتان و کاسبکاران و پێشمەرگە و دامەزراوە ئەمنییەکان و خانەوادەی شەهیدان، بە دڵنیاییەوە کاری جیدی دەکەین و خۆمان تەرخان دەکەین بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانمان، ئەگەر شایستەی متمانەی خەڵکی بەشەرەفی بازنەی هەولێر بووین، ئەوکات هەنگاوەکانمان بە کردەیی دەخەینە خزمەت ئەو بەرنامەچڕانەی وەك بەڵێن بەخەڵکمان بەخشیوە.

*** لە خولەکانی ڕابردوودا پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بە هەڵپەسێردراوی مایەوە، ئایا ئێوە لە داهاتوودا چ هەنگاوێك لەمبارەیەوە دەنێن؟**

- بەداخەوە ئەو پرسە کرایە قوربانی ململانێیەکی حزبیانە و چارەنووسی هەرێمی کوردستان بووە بەشێك لە ئەجێندای تەسکی حزبی، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان و خودی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی لە هەوڵ و کۆششی بەردەوامدا بوونە بۆ ئەوەی بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە چوارچێوەی هەرێمە فیدراڵییەکان ببین بەخاوەن دەستوورێك کە نەخشەی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی دەستنیشان بکات. لە سەرجەم خولەکانی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستان و لە نێو لێژنەی ئامادەکاری ئەو پرۆژە یاسایە، پارتی دیموکراتی کوردستان ڕوونترین ڕوئیای بۆ پەسەندکردنی ئەو دەستوورە هەبووە، هەرجارە و لایەنێك لە پێناو جێبەجێنەکردنی هەنگاوەکانی بوون بە خاوەن دەستوور، هەرێمی کوردستان خراوەتە بەردەم مەترسی، ئێمە لەم خولەدا کۆششێکی دیکە دەکەین، هەوڵدەدەین سەرجەم لایەنەکان بهێنینە سەر مێزی گفتوگۆ، بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و ئاییندەی کوردستانیان لە بەرچاوبگرین بەوەی کە دەستوور دەبێتە هۆکارێکی دیکەی چەسپاندنی دیموکراسی و حوکمڕانی هاوولاتی.

*** نەخشەی کابینەی دەیەم ڕوونە بەسەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت، هێڵی گشتی کارکردن و پێکهێنانی کابینەکەتان دیراسە کردووە؟**

_ پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە سەرچاوەی دڵنیایی و تەبایی و ڕێزگرتن بووە لە ڕای میللەتەکەی خۆی، هیچ کاتێك نەترساوە لە خۆخستنەبەردەم ڕای جەماوەری کوردستان، بۆیە کابینەی دەیەم بەدڵنیاییەوە بە سەرۆکایەتی و پرۆژە گرنگەکانی جەنابی کاك مەسرور بارزانی دەبێتە هێڵی گشتی کارکردنی کابینەکە، هەوڵدەدرێت کابینەیەك بێت وەك هەمیشە هاوولاتی سەنتەر بێت، وەك جەنابی کاك مەسرور بارزانی دەڵێت: بەرپرس نین، بەڵکو خزمەتکاری خەڵکی کوردستانین، هەر لایەنێکیش لە چوارچێوەی ئەم خزمەتکارییەدا ئامادەیی هەبێت شان بداتە بەر حوکمڕانی، پارتی لە جیاتی یەك دەرگا، هەموو دەرگایەکی دیکەی بۆ والا دەکات، هەرچەندە لە ئێستاوە زووە لەسەر ئەم پرسە قسە بکرێت، بەڵام خەڵکی کوردستان ئەو ڕاستییە دەزانن پارتی لە پێکهێنانی کابینەکانی حکومەتدا ئەوەندەی مەبەستیەتی خزمەت پێشکەش خەڵك بکات، ئەوەندە مەبەستی نییە چەند پۆست و چۆنی بەردەکەوێت.




















سندوس حوسێن هەڵەبجەیی:

# کار دەکەم بۆ پشتگیریکردنی ئافرەتان و لاوان و قوتابیان، لە ڕێگەی پێشکەشکردنی پێشنیار و پرۆژەیاسا بۆ گەشەپێدانی تواناکانیان و ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر

**ئێمەی گەلی کورد تەنیا بە پێکەوەیی و ئیرادەیەکی بەهێزەوە، دەتوانین ڕووبەڕووی پیلانی دوژمنەکانمان ببینەوە و نەک هەر قەوارە و خاک و خەڵکی هەرێمی کوردستان بپارێزین، بەڵکو زیاتریش گەشەی پێ بدەین**

---

**هەمیشە هەوڵ و ئامانج و کارەکانم بەو ئاراستەیەدا بردووە، کە دەبێت ئێمە لە هەرێمی کوردستان بە سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و بیرو و ڕا جیاوازەکانەوە، پێکەوە ڕووبەڕووی هەموو ئاستەنگ و تەحەدییەکان ببینەوە**

---

**هەوڵ دەدەم ڕێگری لە هەر سەرپێچییەکی یاسایی و کەمتەرخەمییەکی بەرپرسانی حکومەت بکەم. لە پێناو جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی چاکسازی**

---

ڕۆژی ٢٠ـی مانگی ١٠ـی ٢٠٢٤ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەدەچێت و پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمجارەش وەك هەمیشە ژمارەیەك بەربژێری بە توانا و بە ئەزموونی دەستنیشانکردووە، هاوکات لە ناو بەربژێرەکاندا ژمارەیەك لە خانمانی بە هەڵوێست و بەتوانا لە کێبڕکێدان.

## گوڵان: کۆمەڵایەتی

سندوس حوسێن هەڵەبجەیی کاندیدی ژمارە ٢ لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی هەڵەبجە، لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بەمجۆرە بەرنامەی کارەکانی دەخاتەڕوو.

مێژوو پێمان دەڵێت، کە هەمیشە چاوی ناحەز و دوژمنان لەسەر خاك و خەڵکی کوردستانە و ویستوویانە و دەیانەوێت، گەلی کورد سەرکوت و ژێردەستە بکەن، بۆ ئەوەش هەموو ڕێگایەکی ناعەقڵانی و نا شەرعی و نا مرۆڤایەتییان بەکار هێناوە، هەر لە ڕاگواستن و گرتن و کوشتن بگرە، تا دەگاتە ئەنفال و کیمیاباران!

لەم سۆنگەیەوە هەمیشە باوەڕ و یەقینم وابووە، کە ئێمەی گەلی کورد تەنیا بە پێکەوەیی و ئیرادەیەکی بەهێزەوە، دەتوانین ڕووبەڕووی پیلانی دوژمنەکانمان ببینەوە و









نەك هەر قەوارە و خاك و خەڵكی هەرێمی كوردستان بپارێزین، بەڵكوو زیاتریش گەشەی پێ بدەین و بیكەینە قیبلەی ئومێد و پەناگەیەكی ئارام بۆ خەڵكی پارچەكانی دیكەی كوردستانیش.

بۆیە بەندە هەمیشە هەوڵ و ئامانج و كارەكانم بەو ئاراستەیەدا بردووە، كە دەبێت ئێمە لە هەرێمی كوردستان بە سەرجەم پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینی و بیرورا جیاوازەكانەوە، پێكەوە ڕووبەڕووی هەموو ئاستەنگ و تەحەددییەكان ببینەوە. دەبێت حزبەكان و نوێنەرانیان لە حكومەت و پەرلەمان بەبێ جیاوازی خزمەتی خەڵك و نیشتمان بكەن، ئەمە بە ئەرك و فەرزێكی ئایینی و نیشتمانی و ئەخلاقی سەرشانی خۆم دەزانم و بە تەواوی هێز و باوەڕ و توانامەوە كاری بۆ دەكەم.

ئەمە نەك هەر باوەڕ و ئامانجی منە، بەڵكو ئامانج و كاری هەموو پارتییەكە لە هەر شوێن و كات و بارودۆخێكدا بێت. هەر بۆیەش، دروشمی پارتی دیموكراتی كوردستان بۆ ئەم هەڵبژاردنە، بریتییە لە:

**«ئارامی و ئاوەدانی، پێكەوەیی و خۆڕاگری»**

بەندەش لەم ڕوانگەیەوە، هەوڵ دەدەم گەر شەرەفی متمانە و خزمەتكاری خەڵكم پێ برا، ئەوا ئەرك و ئامانجم لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوو لە پەرلەمانی كوردستان بریتی دەبێت لە:

١- گوێگرتن لە خەمی خەڵك و گەیاندنی دەنگ و داواكاری خەڵك بە جومگەكانی حوكمڕانی و كاركردن بۆ ڕێكخستن و ئاسانكاری ژیان وگوزەرانی خەڵك لە چوارچێوەی یاسا.

٢- خزمەتكردنی خەڵك و ناوچەكانیان، بێ گوێدانە جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینی و حزبییەكان، ئەمەش لە ڕێگەی پێشكەشكردنی پڕۆژە و پێشنیار و بەدواداچوونەكانمانەوە بۆ پڕۆژەكانی حكومەت دەبێت.

٣- لەڕێگەی بەدواداچوون و چاودێریكردنی كارەكانیانەوە، هەوڵ دەدەم ڕێگری لە هەر سەرپێچییەكی یاسایی و كەمتەرخەمییەكی بەرپرسانی حكومەت بكەم. لە پێناو جێبەجێكردنی هەنگاوەكانی چاكسازی.

٤- بە ڕشدی كار بۆ سزادانی گەندەڵكاران و ڕێگری لە بەهەدەردانی سامانی گشتی دەكەم.

٥- كار دەكەم بۆ خزمەتی زیاتری كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوان، و باشتركردنی ژیان و گوزەرانیان، ئەویش لە ڕێگەی پشتگیری كردن و بە یاسایی كردنی داواكارییەكانیان.

٦- پشتگیریكردن و كاری زیاتر بۆ ئافرەتان و لاوان و قوتابیان، لە ڕێگەی پێشكەشكردنی پێشنیار و پڕۆژەیاسا بۆ گەشەپێدانی تواناكانیان و ڕەخساندنی هەلی كاری زیاتر.

٧- هەوڵدان بۆ قەرەبووكردنەوەی خەڵكی ئەو ناوچانەی كە بەهۆی تاوانەكانی ڕژێمی بەعسەوە ڕووبەڕووی وێرانكاری و ڕاگواستن و كیمیاباران و ئەنفال بوونەتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی یاسا و بە هێنانە ژێرباری حكومەتی عێراق و تەرخانكردنی بەشە بودجەیەكی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە.

شایانی باسكردنە كۆی گشتی ژمارەی دەنگدەرانی پارێزگای هەڵەبجە بریتییە لە ٦٢ هەزار و ٥٨٤ دەنگدەر، بەشێوەیەك ٥٩ هەزار و پێنج كەسیان لە دەنگدانی گشتی و سێ هەزار و ٥٧٩ كەسیش لە دەنگدانی تایبەت مافی دەنگدانیان هەیە.









١٩٠

# خانمان دەنگ بە لیستی (١٩٠) لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەن

بڕیارە ڕۆژی ٢٠ی مانگی ١٠ی ٢٠٢٤ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبچێت و لەم پرۆسەیەشدا چەندین لیست و قەوارە لە کێبڕکێدان. لە پێناو پاراستنی دەستکەوت و سەروەرییەکانی کوردستان و لە پێناو زامنکردنی ژیانێکی شایستە و هەرێمێکی سەقامگیر و ئاوەدان خانمان بەڵێن دووپاتدەکەنەوە کە دەنگ بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لیستی ١٩٠ دەدەن.











١٩٠










دهۆک بەڕۆژی:

# دڵخۆشین کە بانگەشەی هەڵبژاردن هاوکات بوو لەگەڵ یادی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، ڕۆژی دەنگدانیش هاوکاتە لەگەڵ داستانی قارەمانێتی پردێ و سحێلا



دەنگدان و بەشداریکردن لەو پرۆسەیە مافێکی ئاسایی هەر هاوڵاتییەکە و بە بایکۆتکردن هاووڵاتی خۆی لەو مافە بێبەش دەکات. من وەکو کچە گەنجێکی ئەو کوردستانە دەنگەکەم بۆ لیستی پارێزەری قەوارەی هەرێمی کوردستانە، ئەو لیستەی کە هەرگیز سازش لەسەر بستێك خاکی کوردستان ناکات و لە هیچ بارودۆخێکیش خۆی ناچەمێنێ.

بە شانازییەوە دەنگ بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم، لە پێناو پاراستنی هەرێمەکەمان و پاراستنی شکۆی هاووڵاتیان و پاراستنی دەستکەوتەکانمان داوا لە هەموو تاکێك دەکەم بە ئەمانەتەوە بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەنگ بە لیستی ١٩٠ بدەن، چونکە مێژوو ئەوەی سەلماندووە تەنیا ئەوانەی دنیابینی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز و عەدالەتخوازیان هەیە دەتوانن بە ئەمانەتەوە پارێزگاری لە دەنگی دەنگدەرەکانیان بکەن.

دڵخۆشین کە بانگەشەی هەڵبژاردن هاوکات بوو لەگەڵ یادی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، دڵخۆشترین کە ڕۆژی دەنگدان هاوکاتە لەگەڵ داستانی قارەمانێتی پردێ و سحێلا، لەبەر ئەوە ئاسۆی کورد ڕوونە و ئێمەی قوتابی ڕێبازی کوردایەتی لە هیچ بارودۆخێکدا خۆناچەمێنین.

نازەنین عەزیز:

## بۆ مانەوەی خزمەت و ئارامی و ئاسایش و بەدیهاتنی مافەکانمان دەنگ بە لیستی ١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین



یەکێك لە جوانییەکانی سیستەمی دیموکراسی لە هەر ولاتێکدا بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنە، هەڵبژاردن لە هەموو دونیادا بە ئاوێنەی دیموکراسی دادەنرێت، خۆشبەختانە یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٩٢ ئەنجامدرا، پارتی دیموکراتی کوردستان توانی زۆرینەی دەنگەکان مسۆگەر بکات و هەرێمی کوردستان بگەیەنێتە کەناری ئارامی و ئاوەدانی.

ئەمجارەش هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیارە لە ٢٠ ی ئۆکتۆبەر ئەنجام بدرێت، گرنگە هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە دەنگ بە لیستی سەرۆك بارزانی بدەن، لەپێناو پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی کە بەئاسانی بەدەست نەهاتوون و بەرهەمی خوێنی شەهیدان و شەونخونی برا پێشمەرگەکان و ئەرك و ماندووبوونی دڵسۆزانی نیشتمان بەدی هاتوون دەنگ بدەن، دەنگ بە لیستی ١٩٠ پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن، بۆ مانەوەی خزمەت و خزمەتگوزارییەکان و ئارامی و ئاسایش و بەدیهاتنی مافەکانمان پێویستە دەنگ بەو لیستە بدەین، سەرکەوتن و سەرخستنی لیستی پارتیمان لە ئەستۆی هەمووماندایە، پێویستە پێکەوە دەست لەناو دەست هەوڵی سەرخستنی بدەین، چونکە سەرکەوتنی سیستەمی دیموکراسی و لیستی پارتیمان لەهەرێمدا سەرکەوتنی هەر هەموومانە.



لاجان خۆشناو:

## خۆ ناچەمێنین و هیچ و کۆسپ و بەربەست و پیلانێك کارمان تێناکات و بەشداری دەنگدان دەکەین و بەم ئەرکە نیشتمانییە هەڵدەستین









ئاواز شێرزاد:

# پارتی دیموکراتی کوردستان وەک یەکەم هێزی کوردی و کۆنترین و سەرسەختترین حزب لە لاپەڕەکانی مێژوودا خۆی تۆمارکردووە



هەڵبژاردن یەکێکە لە خەسڵەتە دیارەکانی سەقامگیریی سیستەمی سیاسی و پایەیەکی بنەڕەتی دیموکراسی، تا ئێستاش تاکە ڕێگەیە کە کۆدەنگیی لەسەرە بۆ دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات. ئەویش لەڕێی دیاریکردنی کەسانی بە ئەزموون و لێهاتوو کە بتوانن خواست و مافەکانی هاووڵاتی وەدی بێنن، دەنگدان بە لیستەکەی سەرۆك بارزانی جێگرەوەی هەموو لیستەکانە و تاك دڵنیادەبێتەوە لەوەی کە بە دەنگەکەی ژیانی خۆی هەم کۆمەڵگەکەی هەمیش وڵاتەکەی بە ئاقارێکی گرنگدا ببات و بیگەیێنێتە کەناری ئارامی. پارتی دیموکراتی کوردستان وەك یەکەم هێزی کوردی و کۆنترین و سەرسەختترین حزب لە لاپەڕەکانی مێژوودا خۆی تۆمارکردووە، ئەو حزبە بووەتە جێگەی متمانەی خەڵکی کوردستان. ئومێدەوارم هاووڵاتیانی کوردستان ئەمجارەش متمانە ببەخشن بە پارتەکەیان لە نێوانیشیان کاندیدە شایستەکان هەڵبژێرن کە شایانی متمانە پێکردنن. داواکارم هەموو کەس ئەو مافە بەخۆی بدات و بەشداری بکات لە پرۆسەی دەنگدان، چونکە ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی چارەنووسسازە و چارەنووسی گەلێکی ستەملێکراو دیاری دەکات و دەیخاتە دەستێکی ئەمانەتپارێز.


ڕاستە هەر یەك لە ئێمە و هەر تاکێك لە کۆمەڵگەکەمان، چەندین بارودۆخی سەختمان تێپەڕاند، ڕۆژانە گوێ لە داواکارییەکانی خەڵك دەگرین و دەبینین خەڵکێکی زۆر دڵسۆز دڵی شکێندراوە جا بە هەر هۆکارێك بێت، بەڵام نابیت ئەمە کار بکاتە سەر بڕیار و چارەنووسی وڵاتەکەمان. پێویستە هەموومان بەشداری لە هەڵبژاردن بکەین و گرینگی هەڵبژاردن بۆ دەنگدان بۆ نیشتمان و بۆ کوردستان بە مافی خۆمان بزانین، بە ئەمانەتەوە بەم ئەرکە نیشتمانییە هەستین و دەنگمان بۆ ئاوەدانی و ئارامی و سەرکەوتنی خاك و وڵات بێت.
وەك هەمیشە لەگەڵ سەرۆك مەسعود بارزانی دەبین بە ئومێد و ورەیەکی بەرزەوە بۆ پێشەوە دەچین و خۆ ناچەمێنین و پارتی داربەڕووە ڕەگی لە ناو دڵ و دەروونی زۆرترین جەماوەری کوردستاندایە، بۆیە هیچ و کۆسپ و بەربەست و پیلانێك کارمان تێناکات و بەشداری دەنگدان دەکەین و بەم ئەرکە نیشتمانییە هەڵدەستین».







١٩٠



# هونەرمەندان دەنگ بە لیستی (١٩٠)ی پارتی دیموكراتی كوردستان دەدەن

پارتی دیموكراتی كوردستان دەستی بە هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن كردووە و كادر و ئەندامانی پارتی لەسەر ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆك بارزانی، كە داوای كردووە بانگەشەكان بە ئارامی بەڕێوەبچن، دەستیان بە بانگەشەی هەڵبژاردن كردووە، بەڕێوەچوونی بانگەشەیەكی هێمن و دیموكراسییانە، وا دەكات هاووڵاتیان زیاتر لە كارنامە و بەرنامەی كاندیدەكانی پارتی تێبگەن و، لە ڕۆژی دەنگداندا بچنە سەر سندوقەكانی دەنگدان و دەنگ بە لیستی (١٩٠)ی پارتی بدەن.

هونەرمەندان وەك چینێكی كاریگەری كۆمەڵگە، بەم شێوەیە باس لە گرنگیی بەشداریكرن لە هەڵبژاردن و، دەنگدان بە كاندیدانی پارتی دەكەن.










١٩٠

هونەرمەند بزاف زاخۆیی:

# داوا لە گەنجان دەکەم و بەو پەڕی قەناعەتەوە دەنگ بدەن بە لیستی (١٩٠)



ئەمڕۆ ڕۆژی خەباتی چەکداری و شەڕ و تفەنگ نییە و گۆڕاوە بۆ خەباتی مەدەنی و دەنگدان، ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژوویی و پیرۆزە بۆ هەموو کەسێک تاکو بۆ هەموو لایەکی ئیسبات بکەین کە ئێمەش مرۆڤ دۆست و دیموکراسی خوازین، ئەو ڕۆژەیە کە هەر کەسێک لە ئێمە بە ئازادی و قەناعەتەوە بچێتە سەر سندوقەکانی دەنگدان و بڵێت ئەم کەس و حکومەت و سیستەم و حزبەم دەوێت.

ئەمڕۆ دەبینین پارتی دیموکراتی کوردستان لەژێر سەرکردایەتی مەرجەع و رابەرمان جەنابی سەرۆك بارزانی و لەسەر ڕێبازی باوکی ڕۆحیمان بارزانی نەمر خەبات و قوربانیدانێکی بێ وێنەیان لە مێژوودا پێشکەش کردووە لە شەهیدبوون، ئاوارە بوون ئەنفال کردن بۆ ئازادی ئەم وڵاتە و چاندنی تۆی خۆشەویستی وڵات و پاراستنی خاک و زمانی کوردی لە نێو دڵ و دەروونی هەموو تاکێکی کوردستان و سڵیان نەکردۆتەوە لە قوربانیدان و دڵنیاین نەوەکانی داهاتووش لەسەر هەمان ڕێچکە بەردەوام دەبن.

من وەکو هونەرمەندێک و گەنجێکی کوردستان بۆ ئەوەی ویژدانی خۆم ئاسوودە بکەم، دەڵێم دەنگی من بۆ (١٩٠)ە، لیستی پارتی، لیستی شەهید و ئەنفالکراوەکان، لیستی شکاندنی جەور و ستەم و فەراهەم کردنی ئازادی.

داوا لە گشت ئەوانەی حەز لە دەنگ و هونەری من دەکەن دەنگی خۆتان بخەنە پاڵ دەنگی من و بەو پەڕی قەناعەتەوە دەنگ بدەن بە لیستی (١٩٠) بۆ ئەوەی هەمیشە سەرفراز و سەرکەوتن بژین.



















**هونەرمەند غازی شینە:**

## پارتی واتە خزمەتگوزاری بۆیە دەنگ بە لیستی (١٩٠) دەدەم



پارتی دیموکراتی کوردستان حزبێکی ١٠٠٪ خاکی و هەڵقوڵاوی ناخی جەماوەرە و، تێکۆشانی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد و کوردستانە، لە هەر پارچەیەکی کوردستانیش پێویست بێت، پارتی هاوکار و یارمەتیدەرە بۆ بەرەو پێشچوونی دۆزی کورد، لە ناوخۆش هەر شوێنێك پارتی لێبێت، خزمەتگوزاری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و شارستانی بەرەوپێش دەچێت، پارتی هیچ کات سازشی لەسەر خاك و کەرامەتی کورد و کوردستان نەکردووە و، شۆڕشێکی گەورە و دەریایەك خوێنی لە پێناو کوردستاندا داناوە،لەم هەڵبژاردنەشدا بۆ ئەوەی پارتی هێزی یەکەم بێت و، داکۆکی لە مافی گشت چین و توێژەکان و هونەر و داهێنان بکات، دەنگی خۆمان بە لیستی (١٩٠) و کاندیدانی پارتی دەدەین.

**هونەرمەند جەسام بندیان:**

## ئێمە پارتی سەردەمین لە ڕابردوو ئێستادا هەر یەکەمین



هونەرمەندی گۆرانیبێژ «جەسام بندیان» نوێترین بەرهەمی خۆی بە ناونیشانی «سەرکەوتن» بەبۆنەی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بڵاوکردەوە.

ئەو بەرهەمە لە ئاواز و دابەشکردنی خۆیەتی و ناوەڕۆکەکەشی باس لە سەرکەوتنێکی دیکەی مێژوویی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات، کە لە چوارچێوەی ئەو پرۆسە سیاسیە بەدەستی دێنێت.

هونەرمەند «جەسام بندیان» سەبارەت بە بەرهەمە نوێیەکەی دەڵێت: ئێمە پارتی سەردەمین لە ڕابردوو ئێستادا هەر یەکەمین، ئێمە حیزبی یەکەمین لە سەنگەر و شۆڕشدا هەرگیز ناچەمین، بۆیە بە شانازییەوە گۆرانیم بە باڵای ئەو پارتەدا گوتووە، کە داکۆکیکاری سەرسەختی ئەو گەلەیە و هەمیشە حوکمڕانێکی سەرکەوتووبووە و خاوەن هێز و ئیرادەیەکی گەورەیە و کوردستانیش لەسەر دەستی ئەو حیزبە پێی نایە قۆناغێکی نوێ و دەستی کرد بە ئاوەدانی.
ئێستاش لە سایەی ئەو هێزە نیشتمانییە بە ئازادی گۆرانی دەڵێین و بە ئازادی دەژین.










### هونەرمەند رێکێش سەیرانی:

# دەنگێ بدەنە لیستا ژمارە (١٩٠)دا کوردستان بەرەڤ ئارامیێ و خۆڕاگریێ بچیت



هیڤیخوازین د ئەڤی دەمی دا، ئەم بشێین ب جوانترین و ئارامترین شێوە لگەل هەوەیێن هێژا بین، دێ هەمی بزاڤێن خۆ کەین ببینە جهێ ڕازیبوون و باوەریا هەوە و پاشان ببینە نینەرێ خزمەتێ بۆ خەلکێ خۆ یێ خۆشتڤی.

ئەم داخوازێ ژ پارتیزانێن خۆ دکەین، کۆ ئەو ل ڕۆژا دەنگدانێ بەرێخۆ بدەنە سەر سندوقێن دەنگدانێ و دەنگێ خۆ بدەنە لیستا کورد و کوردستان و پێشمەرگە و شەهیدان «لیستا پارتی دیموکراتی کوردستان» ژمارە (١٩٠) بۆ هندێ ئەڤ دەستکەفتێن ب سایا ڕێبەراتی و سەروەریا ڤێ لیستێ بدەست مەڤە هاتین، ئەم ژدەست نەدەین و کوردستانا مە ژ ڤێ ئارامیێ و جوانیێ و خۆڕاگریێ بەرەڤ باشتر و باشتر بچیت.

دەنگدەرێن خۆشتڤی ب هەمی تەخ و چینێن خۆ ڤە، ئەز وەک خزمەتکارەکێ هونەرێ کوردی و برایەکێ هەوە یێ بچویک، دخازم باوەریا هەوە بدەستڤە بینم و بشێم ببمە نوینەرێ دەنگێ هەوە ل پەرلەمانێ کوردستانێ و هەمی شیانێن خۆ بکاربینم، بۆ داخازکرنا ماف و پێدڤیاتیێن هەوە، سوزێ ددەم یا د شیانێن من دا بیت بۆ کورد و کوردستانیان بێی جیاوازی ئەنجام بدەم.

١٩٠



# وەرزشکاران دەنگ بە لیستی پارتی دەدەن

لەگەڵ دەستپێکی وادەی بانگەشەی هەڵبژاردەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان، وەرزشکارانی کوردستان وەکو چینێکی کاریگەر و گرنگی کۆمەڵگە ئامادەکاریی پێویستیان کردووە بۆ ئەوەی بتوانن بە دەنگەکانیان لە ڕۆژی هەڵبژاردندا لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەنە پێشەنگی لیستەکان و، دەنگەکانیان بۆ بەربژێرەکانی پارتی بێت، بۆیە وەرزشکاران هەموو هەوڵێك دەدەن لیستی حزبەکەیان بکەنە یەکەمی کوردستان و ڕۆڵی کارایان هەبێت لە هەڵبژاردەنی ئەمساڵدا، گۆڤاری گوڵانیش بۆچوونی وەرزشکارانی وەرگرتووە لە سەر دەنگدانیان بە لیستەکەی خۆیان لیستی ١٩٠.









١٩٠












مامۆستا بێجان ئیبراهیم وەرزشکاری دێرین:

## دەنگ بە لیستی ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی و خزمەتکاری کوردستان دەدەین

وەکو وەرزشکارانی شاری هەولێر ئومێدی زۆرمان بە کاندیدانی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە کە ئەمساڵ بتوانن زۆرترین ڕێژەی دەنگ بەدەست بهێنن، ئێمەش وەکو وەرزشکار بە دەنگەکانمان لیستی پارتی سەردەخەین و هەموو هەوڵێکیشمان بۆ ئەوەیە وەرزشکاران دەنگ بە لیستی ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی بدەن، ئەو لیستەی زۆرترین خزمەتی بە کوردستان کردووە.



کاژین فەرزەندە یاریزانی تۆپی دەست:

## وەکو وەرزشکارێکی کوردستان چاوەڕوانی ئەوەین لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بتوانین زۆرترین دەنگ بۆ لیستی ١٩٠ کۆ بکەینەوە

وەکو وەرزشکارێکی ئافرەت دەنگم بۆ لیستی جەنابی سەرۆک بارزانییە، ئەو لیستەی هەرێمی کوردستان دەپارێزێ و زۆرترین خزمەتی بە چین و توێژەکانی کۆمەڵگە کردووە، ئەو لیستە لیستی زۆرترین خزمەتە بە هاونیشتمانیانی کوردستان و بەرەوپێشبردنی هەرێمی کوردستان بۆ قۆناغێکی باشتر.

١٩٠

پەرێز سلێمان یاریزانی تۆپی دەست:

## وەکو وەرزشکارێکی کچ دەنگ بە لیستی ١٩٠ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم



لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لیستی جەنابی سەرۆك بارزانی و ئەو لیستەیە کە قەوارەی هەرێمی کوردستانی لە هێرشی تیرۆریستان پاراست، هەوڵیش دەدەین زۆرترین دەنگ بۆ لیستی پارتیمان کۆ بکەینەوە و بیکەینە یەکەمی کوردستان، تەنیا پارتی لە خەمی هەرێمی کوردستان و پاراستنی قەوارەکەیەتی.




گەشە شێرزاد وەرزشکار:

## بۆ پاراستنی شەرەف و کەرامەتمان دەنگ بە لیستی ١٩٠ دەدەین

پارتی دیموکراتی کوردستان خەباتی کردووە لە پێناو کورد و کوردستاندا، بۆیە دەنگ دەدەین بە پارتی بۆ خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی، داواکارام لە وەرزشکاران لە رۆژی دەنگدان هەموو بەرەو سەندوقی دەنگدان بڕۆن بۆ سەرخستنی لیستی پارتی و کاندیدانی، بەهیوای ئەوەین کاندیدەکانی پارتی گرینگی زیاتر بە لایەنی وەرزشی بدەن و لە پاش هەڵبژاردنیش گوێ لە وەرزشکاران بگرن و هاوکاربن بۆ بەرەوپێشبردنی وەرزش لە کوردستان.














ئیسماعیل عومەر حەسەن ڕاهێنەری بۆکسێن:

## سەرباری هەموو بەربەستەکان کابینەی نۆیەم چەندین پرۆژەی ستراتیژیی ئەنجام داوە

وەکو وەرزشکارێك دەنگ بە لیستی ١٩٠ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم، چونکە ئەم کارانەی ئەمساڵ سەرباری هەموو قەیرانەکان کران بۆ باشتربوونی ژێرخانی ئابووریی وڵاتمان بێ وێنە بووە، بەهیوای ئەوەم وەرزشکاران بە دەنگەکانیان لیستی ١٩٠ی پارتی سەربخەن.






شوان موسا وەرزشوان:

## دەبێت دەنگ بە لیستی (١٩٠)ی پارتیمان بدەین

بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەرکی سەرشانمانە بۆ بەهێزکردنی کوردستان و پێشخستنی، لەگەڵ بەشداریکردن دەبێت دەنگ بە لیستی (١٩٠)ی پارتیمان بدەین، لیستی سەرۆك بارزانی، کە هەردەم لە غەمی کوردستاندا بووە، داوا دەکەم سەرجەم وەرزشدا و وەرزشدۆستان پاڵپشتی لیستی سەرۆك بارزانی بن تاوەکو ببینە خاوەن کوردستانێکی بەهێز و خەونەکانمان بەدی بهێنین، هەردەم پارتی دیموکراتی کوردستان لە غەمی دابووە، بۆیە دەنگدان بە لیستی ١٩٠ خاك و نیشتماندا بووە و بەهێزیی پارتی واتە پاراستنی شکۆی تاکی ئەم گەلە و گرنگیدان بە خەونی لاوان و وەرزشکاران پاراستنی شوناسی نەتەوەییمان.



١٩٠



ڕێبوار شینە ڕاهێنەری تۆپی پێی فێرگەی زانکۆی جیهان:

## پارتی هەمووکات لە پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستاندا بووە بۆیە دەنگ بە لیستی ١٩٠ دەدەم

دەنگ دەدەم بە لیستی ١٩٠ی پارتیمان، چونکە پارتی خاوەن قەزیەیەکی گرنگی کوردایەتی و پاراستنی قەوارەی هەرێم و دابینکردنی ئارامی و ئاسایشی وڵاتە و پشتگیریی گەنج و لاوانە بۆ پێشکەوتنی وەرزش و هەموو یارییە وەرزشییەکان، پێویستە هەموو وەرزشکارێك دەنگ بەم لیستە بدات بۆ ئەوەی زۆرترین خزمەت بە بواری وەرزشی بکەن لە داهاتوودا.



موئەیەد مەغدید سەرۆکی یانەی هەولێر:

## بۆ بەردەوامبوون لە پاڵپشتیکردن و پێشخستنی وەرزش دەبێت دەنگ بە لیستی (١٩٠)ی پارتیمان بدەین

ڕێزدار مەسرور بارزانی لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە وەکو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خزمەتێکی زۆری سەرجەم سێکتەرەکانی کردووە، لە نێوانیاندا سێکتەری وەرزش، گرنگییەکی تایبەتیشی بە یانەی وەرزشیی هەولێر داوە، بۆیە بۆ بەردەوامبوون لە پاڵپشتیکردن و پێشخستنی وەرزش دەبێت دەنگ بە لیستی (١٩٠)ی پارتیمان بدەین، داوا لەسەرجەم وەرزشکاران بە گشتی و هاندەرانی یانەی هەولێر بەتایبەت دەکەم کە بۆ زیاتر خزمەتکردنی وەرزشی کوردستان بە گشتی و یانەی هەولێر بە تایبەتی دەنگ بە لیستی (١٩٠) بدەن، ئەو لیستەی کە هیچ کات ئەندامەکانی لە بەرپرسیارێتی هەڵنەهاتوون و شانیان داوەتە بەر هەر ئەرکێك کە پێیا سپێردرابێت، لەپێناو کوردستانێکی گەشەسەندوو بەڵێ بۆ سەرخستنی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان.









١٩٠












### د.سیروان تەها ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی هەولێر:

## داوا لە سەرجەم یاریزانان و هاندەران و کارمەند و دڵسۆزانی یانەکە دەکەم دەنگ بە لیستی (١٩٠) بدەن

لیستی (١٩٠)ی پارتیمان لیستی سەرۆك بارزانییە، کە هەردەم پاڵپشت و پشتیوانی وەرزشوانان بووە، درووشمی پارتیمان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان جیاواز لە درووشمی لیستەکانی دیکە بریتییە لە «ئارامی و ئاوەدانی و پێکەوەیی و خۆراگری» بۆیە بەدڵنیاییەوە لیستی سەرۆك بارزانی لە پلانیدایە کوردستان ئاوەدانتر بێت و خزمەتی زیاتر بە سێکتەری وەرزش بکات و ژێرخانی وەرزش بەهیز بکات و ئاستی وەرزش بگەیەنێتە ئاستێکی جیهانی، پارتی هەردەم پاڵپشت و پشتگیری یانەی هەولێر بووە، لەم ڕوانگەیەوە داوا لە سەرجەم یاریزانان و هاندەران و کارمەند و دڵسۆزانی یانەکە دەکەم دەنگ بە لیستی (١٩٠) بدەن، تا بتوانین بە هەموومان یانەی هەولێر بگەڕێنینەوە سەر ڕێچکەی خۆی و هاندەران بە نازناوەکان شاد بکەینەوە، کە ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی دەنگدانمان بە لیستی (١٩٠) دەبێت.



### محەمەد یاسین گۆڵپارێزی یانەی وەرزشی پێشمەرگەی هەولێر:


## پارتی هەمووکات لە پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستاندا بووە بۆیە دەنگ بە لیستی ١٩٠ دەدەم

وەکو وەرزشکارێکی کوردستان دەنگ بە لیستی ١٩٠ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم، چونکە زۆرترین خزمەتی بە چین و توێژەکانی کۆمەڵگە کردووە و هەمووکات لە خەمی کوردستان و پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستاندا بووە، ئەو لیستەی جەنابی سەرۆك بارزانی ڕابەرایەتی دەکات و کوردستانی پاراستووە لە هەموو ڕوویەکەوە، بەهیوای ئەوەم لە ڕۆژی دەنگدان بتوانین بە دەنگەکانمان لیستی ١٩٠ سەربخەین و بیکەینە یەکەمی کوردستان.

لیستی پارتی
دیموکراتی کوردستان

١٩٠

# پارتی فەرزکردنی ئەمری واقع لە سلێمانی ڕەت دەکاتەوە



لیستی پارتی
دیموکراتی کوردستان

**١٩٠**

# پارتی شەڕ بۆ سلێمانی دەکات
# نەک شەڕ بە سلێمانی بکات



١٩٠

# پارتی هێزی یەکەم و پێشەنگی کوردستانە

پارتی هەمیشە قوتابخانەی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری و حزبی هەموو چین و توێژ و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بووە. پارتی خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە سەروەری و فیداکاری و بەرگرییە لە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی گەلی کوردستان، ئەمڕۆش بە هۆی سەرکردایەتیی دووربینانە و لێهاتووانەی جەنابی سەرۆك و دڵسۆزی و لەخۆبردوویی ئەندامان و جەماوەر و لایەنگرانییەوە، پارتیمان یەکێکە لە گەورەترین و بەهێزترین و کاریگەرترین حزبەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە. پارتی تاکە ئومێدی خەڵکی کوردستانە کە ڕێگە نەدات پیلانی لاوازکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان سەر بگرێت و بەرگریکارێکی سەر سەختیش دەبێت، چاوەڕوانین ئەندام و لایەنگرانی پارتی، بە هەموو گوڕ و تین و دڵسۆزییەوە، بەشداریی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بکەن بۆ ئەوەی وەك هەمیشە پارتی هێزی یەکەم و پێشەنگی کوردستان بێت. لەم بارەیەوە گۆڤاری گوڵان ڕا و بۆچوونی هاوڵاتیانی وەرگرتووە بۆ دەنگدان بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان:

---



کارزان کاکل:

## دەنگدان بە لیستی ١٩٠ی پارتی بەهێزبوونی ئارامی و سەقامگیرییە

خەڵکی مەخموور دەنگدان بە لیستی ١٩٠ی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورد و بەدیهێنانی مافە کانی گەلی کوردستانە، میللەتی کورد لەم پرۆسەیەدا زۆر گرنگە وەك کەرنەڤاڵ بە پۆشینی جلوبەرگی کوردییەوە بچنە سەر سندووقی دەنگدان و دەنگی خۆیان بدەنە کاندیدانی پارتی و لیستی ١٩٠ ی پارتی، گومان لەوەدانییە پارتی لە ڕابردوودا خزمەتی تەواوی خەڵکی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کردووە بە گە یاندنی خزمەتگوزارییەکان و ئاوەدانکردنەوەی گوند و قەزا و ناحیەکان، بۆیە پارتی هەنگاوی باش دەنێت بۆ زیاتر گرنگیدان بە ئارامی و ئاسایشی نەتەوەیی، پرۆسەی دەنگدانی ئەمجارە یەکلاکەرەوە دەبیت بۆ جەماوەری کوردستان و کوردستانیان، لە ڕۆژی دەنگدان دەنگی خۆتان بدەن بە لیستی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری لیستی ١٩٠ ی پارتی دیموکراتی کوردستان.




















دكتۆر مەدحەت محەمەد سلێمان:

## درووشمی پارتی بریتییە لە «دەنگ لە ئێوە كار و خزمەتكردن و پلانی ستراتیژیش لە ئێمەوە»

پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەموو جیهاندا پرۆسەیەكی دیموكراسییە لەسەر بنەمای بەرنامەی حزبەكان بۆ داهاتووی نەتەوە و وڵات بانگەشەی بۆ دەكەن، تا خەڵك دەنگیان پێ بدات، لە دنیای پێشكەوتوودا بەرنامەی حزبەكان زیاتر بریتییە لە ئاوەدانی و خزمەتگوزاری و دابینكردنی سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و باشتركردنی سیستمی پەروەردە و خوێندن، ئەمەش هەمیشە خەونی گەورەی پارتی بووە بۆ داهاتوویەكی باشتر بۆ خەڵكی كوردستان. پارتی بەردێك هەڵناگرێت كە نەتوانێ بیهاوێت،



شاكار سەباح زەنگنە، قوتابی زانكۆ:

## لیستی ژمارە ١٩٠ ی پارتیمان لەژێر ناونیشانی «خۆڕاگری و ئاوەدانی» لیستی بەرپرسیارێتی و خزمەت و شكۆی نەتەوەیەكە


پارتی حزبێكە كە بۆ ماوەی ٧٨ ساڵە داكۆكیكار و بەرگریكارێكی سەر سەختی مانەوەی شوناسی كورد بوونە، بێگومان ئەگەر پارتی نەبوایە لە مێژ بوو كورد وەك نەتەوە نەدەمایەوە و لە بۆتەی (تورك، فارس، عەرەب) دا دەتوایەوە، كەواتە پارێزەری نەتەوەیە بە مانای وشە، لەگەڵ ئەوەشدا لە بواری ئاوەدانی و ئارامییشدا بێ ڕكابەرە و كار و خزمەتەكانی لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن كە لە سەرجەم سێكتەرەكاندا بێ وێنە بووە، لە بواری پاراستنی خاكی پیرۆزی كوردستانیشدا بەگیان و خوێن ڕۆڵی پێشەنگی هەبووە، بۆیە وەك قوتابییەكی زانكۆ لە پێناو دەستەبەربوونی زیاتری ئاوەدانی، ئارامی و ئاسایش، خۆشگوزەرانی و ژیانێكی شایستە، دەنگ بە لیستی ١٩٠ی سەرۆك بارزانی و شەهیدان و پێشمەرگە دەدەین.

لیستی پارتی
دیموکراتی کوردستان

١٩٠

سەرۆک بارزانی:

# هەڵەبجە بووکی ئازادیی کوردستانە



لیستی پارتی
دیموکراتی کوردستان

١٩٠

## سەرۆک بارزانی:

# هەڵەبجە سیمبولی قوربانیدانی کوردستانە



لیستی پارتی
دیموکراتی کوردستان

١٩٠

# پێکەوە کار دەکەین لەپێناو نووسینی دەستووری هەرێمی کوردستان





لیستی پارتی
دیموکراتی کوردستان
١٩٠
بۆ ئەوەی دەنگ و سەنگی
کوردستان لە عێراق و
دنیادا بەهێزتر بێت
دەنگ بە پارتی دەدەین

١٩٠

ليستى پارتى
ديموكراتى كوردستان

# شانازييه مرۆڤ خزمەتكارى
# ميللەتى خۆى بێت

(بارزانيى نەمر)

